حكومەتی هەرێمی كوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانكۆی كۆیە
كۆلێژی زمان
بەشی كوردی

# وێنەی هونەری لە شیعری (حەسیب قەرەداغی) دا

توێژینەوەیەكە خوێندكار ( هەڵمەت عوسمان كاكل) پێشكەش بە بەشی كوردی – كۆلیژی زمان – زانكۆیی كۆیەیەی دەكات ، وەك بەشێك لە بەدەست هێنانی بڕوانامەی بەكالۆریۆس ،لە زمان و ئەدەبی كوردی.

بە سەرپەرشتی :
م / هاوژین صلیوە عیسی

٢٠٠٨ – ٢٠٠٩

ئەم توێژینەوەیە:

وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی به چاودێری من لە بەشی کوردی – کۆلیژی زمان ئامادە کراوە.

سەرپەرشتیار:

م/ هاوژین صلیوه عیسی

ئێمــه وەك ئەنــدامانی لیژنــەی گفتــو گــۆو هەڵســەنگاندن ، ئــەم توێژینەوەیــەمان خوێنــدەوەو لەگــەڵ خوێندکارەکــەدا گفتوگۆمــان لــە بــارەی نــاوەڕۆك و لایەنــەکانی دیکەی کرد.

ئەندام ئەندام

# پێشکەشە  بە ....

١.  دایك و باوکم ، کە هیچ لە وێنەی شیعری نازانن .

٢.  ئەو کەسەی بە دڵ و نیەتێکی ساف سرودی ( ئەی ڕەقیب ) ی لە بەرە .

٣.  گیانی پاکی شێخی شاعیران ( حەسیب قەرەداغی ) .

٤.  سەرجەم مامۆستایانی بەشی کوردی .

5 .  ئەو کچەی من و شیعری کردە هاوڕێ

# سوپاس و پێزانین ...

١. سوپاس بۆ خوای گەورە  کە هیدایەتی دام بۆ نوسینی ئەم توێژینەوە .
٢. بۆ مامۆستای زێدە ئازیز ( هاوژین صلیوە ) کە بە بێ ماندو بوون ئەرکی سەر پەرشتی کردنی توێژینەوە یەی گرتە ئەستۆ .
٣. بۆ هاوڕێ ی خۆشەویستم ( شاخەوان ) هاوکارم بو لە وەر گێڕانی دەقە عەرەبیەکان بۆ سەر زمانی کوردی .
٤. زۆر سوپاسی بێ پایەنی هاوڕێ ی خۆشەویستم ( رابەر ) گیان دەکەم  کە ئەرکی تایپ کردنی گرتە ئەستۆی خۆی .
٥. زۆر سوپاسی هاوڕێی بەڕێزم ( دەشتی ئەسوەد ) دەکەم کە دیوانی شیعری ( حەسیب قەرەداغی ) خستە بەر دەستم .

# لیستی کورت کراوەکان

## کوردییەکان

چ : چاپ

ژ : ژمارە

گ : گۆڤار

ڕ : ڕۆژنامە

ل : لاپەڕە

و : وەرگێڕان

ب : بەرگ

د : دکتۆر

ئا : ئامادە کردن

س پ : سەر چاوەی پێشوو

## عەرەبییەکان

ص : صحيفة

ط : طبعة

## ناوەڕۆك:

**بابەت** **لاپەڕە**


پێشەكی ......... ١

**بەشی یەكەم**

ژیانی شاعیر ........ ٣

زاراوەو چەمكی وێنەی هونەری ........ ٥

گرینگی وێنەی هونەری لە بواری ڕەخنەدا ........ ٧

زمان وەك بنامایەكی وێنەی هونەری ........ ٩

**بەشی دووەم**

جۆرەكانی وێنەی هونەری لە شیعری (حەسیب قەرەداغی) دا ........ ١١

(أ)_ وێنەی تاك ........ ١١

١_ شێوازی هەست گۆرگێ ........ ١١

٢_شێوازی ئاڵوگۆڕكردنی درك پێكراو ........ ١٢

أ_ بەرجەستەكردن ........ ١٢

ب_ بەتەن كردن ........ ١٣

ج_ بەكەس كردن ........ ١٤

٣_ شێوازی لێكچوواندن ........ ١٥

(ب)_ وێنەی لێكدراو ........ ١٧

١_ كەڵەكە بوونی وێنەی تاك ........ ١٨

٢_ لێكچواندنی وێنەی لێكدراو ........ ١٩

وێنە لە ڕووی هەستی و ژیری یەوە ........ ٢٠

( أ ) _وێنەی هەستی ........ ٢٠

١_ وێنە بە پێی هەستی بینین ........ ٢١

٢_ وێنە بە پێی هەستی بیستن ........ ٢٢

٣_ وێنە بە پێی هەستی بۆنكردن ........ ٢٣

٤_ وێنە بە پێی هەستی چەشتن ........ ٢٤

٥_ وێنە بە پێی هەستی بەركەوتن ........ ٢٤

( ب ) _ وێنەی واتایی ( ژیری) ........ ٢٥

**بەشی سێیەم**

**جۆرەکانی وێنە بە پێی شێواز................................................................ ٢٧**

**١_ وێنەی دەروونی ..................................................................... ٢٧**

**٢_ وێنەی ئەفسانە ..................................................................... ٢٩**

**٣_ وێنەی ڕەمزی ..................................................................... ٣١**

**ئەنجام .............................................................................. ٣٢**

**لیستی سەرچاوەکان ................................................................... ٣٣**

# پێشەکی :

دوان لەسەر شیعر کارێکی سانا نیە ، بەتایبەتی بۆ کەسێك هێشتا قۆناغی زانکۆی تەواو نەکردبێ ، سەرەڕای ئەوەی شیعر بۆ خۆی بەو تایبەتمەندیەی هەیەتی ، لە سیحر نزیکترە وەك لە هەر شتێکی تر ، بە مەش لە هەر بوارێکەوە بدوێی ، درەنگ و بە زەحمەت خۆی بە دەستەوە دەدات و هەمیشە دەر ئەنجامەکان نزیکەیی و ڕێژەیی دەر دەچن ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە کارێکی ئەکادیمی لە بارەیەوە نرخی خۆی وەر نەگرێ .

شیعر بە هۆی ئەو هەموو بزیوی و ئەدگارە ئەمیبیەو پێکهاتە مەعنەوی و میسالیەی هەیەتی ،دەتوانی ببێتە پڕ ڤیتامینترین خۆراکی ڕۆح ، بۆ ئەو کەسانەی لە زمان ئاماژە دەرونیەکانی شیعر تێدەگەن .

لە سەرەتای ئەدەبیاتی مرۆڤایەتی شیعر سەر جەلە بووە و دوای ئەو هەموو گۆڕانکارییە شارستانی و کلتوری و پێشکەوتنی زانستە تەکنە لۆژیاکان و .... هتد ، هێشتا بوون و پێگەی خۆی لە دەست نەداوە ، چونکە ئەو هەتوانەی شیعر بۆ برینی دەروونی و هەستەکان پێیەتی ، لای عەتاری هیچ یەکێ لە زانستە وشکەکان دەست ناکەوێ .

زۆر دەمێکە هەوای شیعر لە سەرم دا خول دەخوات و ئارەزووم تەنها لە چوار چێوەی شیعرێك خستۆتە ڕوو ، چونکە زانیومە ڕێگاکانی تر ئەو ئەمانەتەی دەروونم وەکو خۆی ناگەیەنن ، هەر بۆیەش زۆرم حەز دەکرد ڕۆژێك لەسەر شیعری یەکێك لەو شاعیرانە بنوسم ، کە پێیان کاریگەرم .

لەو شاعیرانەش ( حەسیب قەرەداغی ) م هەڵبژارد ، چونکە هەستم کرد زۆر کەم لێکۆڵینەوە هەیە تایبەت لەسەر شیعرەکانی ( حەسیب ) و بەس . لەگەڵ ئەوەی بڕیاری ئەوەم دا لەبارەی شیعرەکانی ئەو شاعیرەوە شتێك بنوو سم ، بۆ ئەم مەبەستەش ( وێنەی هونەری ) م هەڵبژارد لە شیعرەکانی وەکو دیاردەیەکی نوێ ی ئەدەبی .

لە میانەی ئەنجام دانی ئەم لێکۆڵینەوەیە تەنها پشتم بە میتۆدێکی لێکۆڵینەوە نەبەستووە ، لە هەر شوێنێك کامە میتۆد پێویست بێ و بە سەر کەوتووم زانیبێ ، ئەوەم بە کار هێناوە . لە باسی لایەنی تیۆری چەمکەکان پتر پشتم بە میتۆدی بەراورد کاری بەستووە ، لە ڕێ ی بەراوردی هەر چەمك و دیار دەیەکی وێنەی شیعری بە بەرامبەرەکانیان . لە کاتی هێناوە ی نموونەو لایەنی پڕاکتیکیش پشتم بە میتۆدی شیکردنەوە و هەڵوەشانەوە بەستوە .

ئەوەی وەك کۆسپێك لە ئامادە کردنی ئەو لێکۆڵینەوەیە هاتۆتە پێشم بریتی یە لە کەمی سەر چاوەی کوردی لەم بارەیەوە ، بە هۆی دوکەلکردنی عەرەبی زانینەکەشم نەمدەتوانی وەکو پێویست سوود لە سەرچاوەی عەرەبی وەر بگرم ، بۆیە هەندێ جار پەنام بۆ هاوڕێ عەرەبی زانەکانم دەبرد ، کۆسپێکی تری دەروونی ئەوە بوو ، هەر لەسەرەتای نوسینی لێکۆڵینەوەکەم ، هەستم دەکرد ئەوەندەی خۆمی پێوە ماندوو دەکەم ، لە لایەن سەرۆکایەتی بەشی کوردییەوە گرنگی پێ نادرێت و بۆ من هاندانێکی بە دواوە نابێ ، بەو ڕادەیەی من دڵم پێ خۆشە بە هەند وەر ناگیرێ ، تەنها وەکو ماددەیەك بۆ نمرە لێی دەڕوانن . نمرەکانیش لەسەر بواری لاوەکی تەکنیکی وەکو چۆنیەتی بەکار هێنانی پەراوێز و گەورەو بچوکی فۆنتی نووسین و .... هتد دا دەنرێ ، ئەمەش بەردەوام بۆتە هۆی ساردی و کەم بایەخیم بۆ ئەم لێکۆڵینەوە.

لێکۆڵینەوەکە لە سێ بەش پێك دێت ، هەر بەشێك چەند سەرە باسێك لە خۆ دەگرێت. لە بەشی یەکەم باسم لە( ژیانی شاعیر ) و ( زاراوە و چەمکی وێنەی هونەری ) و ( گرینگی وێنە لە بواری ڕەخنە ) و ( زمان وەك بنەمایەکی وێنەی هونەری ) کردووە .

لە بەشی دووەم دا باسم لە جۆرەکانی وێنەی هونەری کردوە بۆ هەر جۆرێکیش نمونەی شیعریم هێناوەتەوە شیمکردۆتەوە و

جۆری وێنەکانیشم  دیاری کردوە  ، سەرە باسەکانی ئەم بەشەش ئەمانەن : ( وێنەی تاك ) کە دابەش دەبێت بۆ سێ جۆر ( شێوازی هەست گۆڕ کێ ، شێوازی ئاڵو گۆڕ کردنی درك پێکراو ، شێوازی لێکچواندن ) . شێوازی ئاڵوگۆڕ کردنی  درك پێکراویش  دابەش دەبێت بۆ سێ جۆر ( بەر جەستە کردن ، بە تەنکردن ، بە کەس کردن ) .

(وێنەی لێکرداو) بۆ دوو جۆر دابەش دەبێت  ( کەڵەکە بوونی وێنەی تاك ، لێکچواندنی وێنەی لێکردراو ) . هەروەها ( وێنە لە ڕووی هەستی و ژیری ) یەوە .  وێنەی هەستیش  دابەش دەبێ بۆ پێنج  جۆر  کە ئەمانەن : ( بینین ، بیستن ، بۆنکردن ، چەشتن ، بەر کەوتن ) .

بەشی سێیەم  باسم لە جۆرەکانی وێنە کردووە بەپێی شێواز : ( وێنەی دەروونی ، وێنەی ئەفسانەیی ،وێنەی ڕەمزی ) .

لە دوایشدا کورتەی ئەو ڕاستیانەی لەم لێکۆڵینەوەیە پێیگەیشتووم کردوومەتە  ئەنجام   و دواتریش لیستی سەر چاوەکانم نووسی وە  . لە کۆتایدا هیوا دارم بەم کارە بچووکەم ، خزمەتێکی بچووکم بە وێنەی شیعری  لە ئەدەبی کوردی دا کردبێ و هەندێ لە قەرزەکانی خۆمم بە ( شێخی شاعیران ) دابێتەوە ، بێگومانیشم  لە کەم و کورتی و هەڵەی زمانەوانی و دەلالەتی باسەکەم ، بۆیە پێشکات داوای لێبوردن  لە هەموو مامۆستا و خوێنەران دەکەم .

# بەشی یەکەم

١. ژیانی شاعیر .

٢. زاراوەو چەمکی وێنەی هونەری .

٣. گرینگی وێنەی هونەری لە بواری ڕەخنەدا .

٤. زمان وەك بنەمایەکی وێنەی هونەری .

## ژیانی شاعیر : ([1])

ناوی تەواوی ( حەسیب شێخ عەلی عبدولرحمان ) ە ، باوکی ناسراو بووە بە ماموّستا شێخ عەلی ، چونکە مەلا و ماموّستای گوند بووە ، شاعیر لە مانگی مایسی ساڵی ( ١٩٢٩ ) لە گوندی ( سۆڵەی چرچەقەلا ) ی سەر بە ناوچەی قەرەداغ لە ناو خێزانێکی هەژار و خوێندەوار لە دایك بووە ، هەر لە منداڵییە وە لە لای باوکی خۆی خوێندوویەتی تا ئەو کاتەی قوتابخانەی ڕەسمی لە گوندەکەیاندا کراوەتەوە ، ئەوسا یەکسەر لە پۆلی سێی سەرەتایی وەر گیراوە ... پۆلی پێنج و شەشەمی سەرەتایی لە قەرەداغ تەواو کردوە ، شاعیر هەر لە منداڵییەوە گوێچکەی زرینگاوەتەوە بە دەنگی کۆڕی مەلا و فەقێیان و مەجلیسی شێخان و ... زیکر و تەهلیلە و ئەڵقەی دەروێشان ... گۆرانی و سۆز و مەقام و موناجاتی دەنگ خۆشان ... دەف و شمشا ڵ و نەی ژەنان ، دواتر ئاوێزانی خاڵوە کێشان و زوهد و هەژاری و غەم و پەژارەی بەر کوانوی ماڵە جوتیار و ڕاکە ڕاکی دوا ی بەرخەڵەو چاوەڕوانی ئێوارانی هاتنەوەی ڕان بەرەو ئاوایی ... هەموو ئەو کەش و هەوایە بەردی بناغەی هۆش و سۆزی ( حەسیبی منداڵ و هەرزەکاریان ) دانا . پاشانیش کەم تا زۆر لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی ڕەنگی داوەتەوە و بە ڕوونی لە شیعرەکانی هەستی پێ دەکرێت .

شاعیر لە ساڵی ( ١٩٤٧ ) دەبێتە قوتابی لە ( دار المعلمین الريفی) لە شارۆچکەی ( محاويل ) لە شاری ــ حلله ــ بەڵام لە ئەنجامی ڕاپەڕینەکەی (١٩٤٨ ) بە هۆی مانگرتنەوە ، لەوێ دەر دەکرێت دەگەڕێتەوە سلێمانی ، لە ساڵی ( ١٩٤٩ ) لە ناوەندی سلێمانی وەر دەگیرێتەوە ، هەم دیسان بە هۆی کاری سیاسیەوە ناتوانێت درێژە بە کاری خوێندن بدات ، ناچار دەگەڕێتەوە بۆ گوندی ( سۆڵە ) لەوێ دەبێتە ماموّستا . لە ساڵی ( ١٩٥٤ ) جارێکی تر گوند جێ دێڵێت و دەگەڕێتەوە شار و کاریّ بۆ خۆی دەدۆزێتەوە ، لە ساڵی ( ١٩٥٥ ) هاوسەر ی ژیانی هەڵدەبژێرێت ، لە ماوەی ساڵانی ( ١٩٥٥ تا شۆرشی تەموزی ١٩٥٨ ) وە چەند جارێکی ماوە کورت دەگیرێت بە هۆی خۆپیشاندان و شیعار خوێندنەوە و هوتاف کێشان ، لە ساڵی ( ١٩٦٣ ) لە گەڵ کۆمەڵێك تێکۆشەری تر دەستگیر دەکریّ و ڕەوانەی ( نوگرە سەلمان ) دەکرێت ، تا ناوەڕاستی ( ١٩٦٥ ) پاشان ئازاد کرا بەو مەرجەی لە کوردستان نەژی و ڕوو بکاتە دەرەوەی کوردستان ، ماوەی ئەو دوو ساڵەی کە لە ( نوگرە سەلمان ) مایەوە ، ئاشنایەتی لەگەڵ کۆمەڵێك تێکۆشەر و کەسایەتی بەر زو شاعیری ناو دار پەیدا کرد ، کە بۆی بونە قوتابخانەیەکی ڕاستەقینە و هۆش و گۆشی تیا قاڵ دراو یەکەمین شیعری شێوازی نوێی لە ( نوگرە سەلمان )نووسی کە شیعرەکانی بە ناوی ( ئەی ڕۆژ ) و ( بەهاری عومرم ) کە لە فەرهەنگی خەم ژمارە ـ ١ ـ بلاو بونەتەوە .

لە ساڵی ( ١٩٦٥ ـ ١٩٦٩ ) بە دور خراوەیی لە بەغداد بە هەژاری و کوێرە وەری لەگەڵ خێزان و منداڵەکانی ژیانیان بەڕێ کرد . لە ساڵی ( ١٩٦٩ ) بەر لێبوردنێکی گشتی کەوت و گەڕایەوە سلێمانی لە کارگەی چیمەنتۆی سەر چنار دامەزرا . لە ٢٦ / ٣ / ١٩٧١ شیعری ( هەوەڵ مەزاد ) ی نووسی کە بە بێ هیچ بەر تیلێك خۆی لە لوتکەی شیعرەکانی ڕوانگە دەبینێتەوە .

لە ساڵانی ( ١٩٨٣ ـ ١٩٨٤ ) سەر لە نوێ دارشتنەوەی بونیادی ئەقڵ و هەست و نەست و فکر و سۆز و زمانی شاعیر بوون . بە هۆی لە دەست چوونی هەر دوو کچەکانی ( کەژاڵ ) لە ساڵی ( ١٩٨٣ ) گەورە کچی شاعیر لە ڕۆژی وەر گرتنەوەی

[1] هەموو زانیاریەکانی ئەو سەرە بابەتەم لە ( فەرهەنگی خەم ــ بەرگی یەکەم ) وەر گرتوە ، بە دەست کارییەوە ، ٢٠٠٢ ، ل ٨ .

بڕوانامەی بە کالۆریۆس  بە کارە ساتی ئۆتۆمۆبیل گیانی لـە دەست دا ...  لـە کۆتـایی ساڵی ( ١٩٨٤ ) ( بەهار ) ی کچی نـەو نەمامی  شاعیر کە قوتابی هونەرە جوانەکان بوو ، کتو پڕ بە نەخۆشی ژێر پەنجەی خوێن گیانی لە دەست دا  .
١٦ / ٣ / ١٩٨٨  هەڵەبجە شەهید کرا ... لە ١٩ / ١ / ١٩٨٩ دا یەکێ لـە جوانترین چامە شیعرییەکانی ( حەسیب ) لـە نووکی خامـەوە  تنـۆك تنـۆك  وەك چـۆڕانەوەی خـوێنی دڵ وەك چـۆڕاو گـەی بانێـژەی ڕۆحـی ئـازار دراوی  تکایـەوە سـەر کاغـەز و هەڵەبجەش بـوو بـە ( هەڵەبشیما ) . شـاعیر لـە سـاڵی ( ١٩٩٧ )  کۆچـی دوایـی کـرد . دوای کۆچی دوای کردنـی بـە ( شـێخی شاعیران ) ناو زەد کرا . سەر جەمی شیعرەکانی لە لایەن دەزگای ( ئاراس ) ەوە  لە دوو توێ ی دوو بەر گ  لە ساڵی ( ٢٠٠٢ ) دا چاپ کراوە  .

## زاراوەو چەمكی وێنەی هونەری :

وێنە یەكێكە لە بنەما سەرەكییەكانی شیعر ، هەموو شیعرێك جۆرە وێنەیەك لە ئامێزی خۆی دەگرێت ، لە ڕێی وێنەوە ڕۆ دەچینە ناو ناخی دەقە شیعرییەكەوەو لە سیحر و جوانی شیعرەكە دەگەین و بابەتێكمان بۆ ڕوون دەكاتەوە ، یا خود دیمەنێكمان بۆ بەر جەستە دەكات . وێنە وەك دڵە لە لەشی مرۆڤدا سەربارەت بە شیعر ، وێنەی شیعری بە یەكێك لە گرینگترین ڕەگەزەكانی ئەدەبی هاوچەرخی ئەمڕۆمان دا دەنرێت (( زاراوەی وێنە ( image ) لە وشەی ( imagination ) وەر گیراوە ، كە مانای ئەندێشە دەگەیەنێت )) ( [2] ) لە بەر ئەوەی خەیاڵ پێكهاتەیەكی گرینگی شیعرە .

بیر و ڕای جیاواز لە مەڕ بە كار هێنانی ( وێنەی شیعری ) و ( وێنەی هونەری ) هەیە ، ئێمە ( وێنەی هونەری ) مان هەڵبژاردووە بۆ لێكۆڵینەوەكەمان ، چونكە هەستمان كرد (( پێكهاتەی هەر وێنەیەك وەر بگرین دەبینین جۆرە هونەرێكی تیا بەكار هاتوو ە )) ( [3] ) . لەسەر دەمی كۆندا وێنەی هونەری هەبووە ، بەڵام وەك ئێستا بایەخی پێ نەدراوە ، هەر یەكێكیش لە ڕەگەزەكانی شیعر وەر بگرین و باسی بكەین بە نیازی ڕۆ چوون بە ناخی دا ، ئەوا ئاوێكی زۆری دەوێت ، بۆیە ئێمە بە پشت بەستن بە چەند سەر چاوەیەكی باوەڕ پێكراو لەسەر ڕەگەزێگ لەو ڕەگەزانە دەدوێین ، ئەویش ( وێنەی هونەری ) یە لە شیعردا . لە بواری لێكۆڵینەوە زیاتر گرینگی وێنە دەر دەكەوێت ، چونكە وێنە تاكە چەكێكی گەورەیە لە دەست شاعیر ، دەتوانێت بۆ دروست كردنی وێنەیەك هەموو ماددەی خاوی دەورو بەرەكەی بكات بە كەرەستەی شیعری ، بۆ ئەوەی جەستەیەكی زیندو و باڵداری پەپوولە ئاسای لێ دروست بكات كە هەموو چاوێك توانای خوێندنەوەی هەبێت و دەرگای هەموو دڵێكی بۆ بخرێتە سەر پشت ، چونكە هەموو بابەتێك دەشێ ببێ بە زەمینەو كەرەستەی خوڵقاندی شیعر ، هەر لە پەلكی بێ بایەخی سەر شۆستەیەك تا خوینی شەهید ، ئەمەش لە ڕێگای بەخشینی جۆرە ئیحایەكی سەرەنج ڕاكێشی سیحر ئامێز ، لە بەر ئەوەی (( تەنها جوانی قەسیدە بەس نیە ، بەڵكو دەبێ سیحرێكی هەبێ كە هەر كاتێ ویستی گوێگر بۆ لای خۆی ڕابكێشێ )) ( [4] ) . دەبێ ئەوەش بزانین كە شاعیرو وێنە كێش لەوە دا لە یەك دەچن ، هەر دوو لا خاوەن خەیاڵ و بیرو هەست و سۆزن ، بەڵام كەرەسەی دەر بڕینیان لێك جیایە ، كەرەسەی شاعیر زمانە ، بەڵام كەرەسەی وێنە كێش فڵچەو بۆیەیە ، هەر یەكەیان دەتوانن وێنەی دیمەنێك بكێشن ، بەڵام لە ڕووی بە كار هێنانی كەرەستەوە دەتوانن جیاواز بن . هەر یەكێك لەو وێنانەش لای كەسێكی ئاسایی بە دی ناكرێت ، وە تەنانەت بۆ لێكدانەوەی مانای وێنەكانیش پشت بە كەسانی شارەزا دەبەستێ بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی شاعیر و وێنە كێشراوە كە، دیاردەی وێنەی شیعریو شیعر بیرو ڕای جیا جیایان لە بارەوە وتراوە ، بۆ نموونە ( الجاحظ ٧٧٥ . ٨٧٨ ز ) دەڵێت:(( شیعر داڕشتنێكی تایبەتیەو جۆرێكە لە وێنە كێشان )) ( [5] ). كە تەنها لایەنی ڕووخساری وەرگرتوە ئەویش بە نا تەواوی ، یا خود لای ڕەخنە گرانی كۆنی عەرەب بە جۆرێكی تر پێناسەی

---

( [1] ) د . كەمال مەعروف ، ڕەخنەی نوێی كوردی ، بەڕێوەبەرایەتی بڵاو كردنەوەی سلێمانی ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ ، ل ١٣٥ .

( [2] ) هاوژین صلیوە عیسا ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێركۆ بێ كەس دا ، نامەی ماجستێر ، كۆلێژی زمان ،زانكۆی كۆیە ، ٢٠٠ ، ل ٥.

( [3] ) هۆڕاس ، و . حەمید عزیز ، هونەری شیعر ، ج (٢) ، چاپخانەی چوار چرا ، ٢٠٠٥ ،ل ٢٢ .

( [4] ) كەریم شارەزا ، وێنەی شیعری كوردی لە هەردوو باری چەسپاو و جوڵاودا ، گ . ڕامان ، ژ ( ١٥ ) ، ١٩٩٧ ، ل١١ .

شیعر کراوە  کە دەڵێن : (( قسەیەکی کێشدارو سەروا دارە ، کە واتایەك دەگەیەنێت )) (٦ ) دەبینین تەنها بنەمای مۆسیقا کراوە بە پێوەر و بنەما بۆ شیعرو بنەماکانی تر فەرامۆشکراوە ، بەم شێوەیە هەڵبەستی فێر کاری ( نظم ) و زانستی لە شیعر جیا ناکرێتەوە ، ( فارابی ) لەم بارەیەوە دەڵێت : (( بوون و گەوهەری هۆندراوە ، لەوە دا خۆی دەنوێنێ : لە بێژەیە پێك هاتووە  و لە باسێ دەدوێ )) ( ٧ ) دەبینین لێرەش دا ڕەگەزەکانی سۆزو هەست و ڕێگاکانی وەك لێکچواندنو خوازە و درکە فەرامۆش کراون . کەواتە دەتوانین بڵێین  کە هەر یەکە لەو پێناسانەی سەرەوە کە بۆ شیعر کراوە ، بە بۆچوون دا بنێین ، چونکە هیچ کامێکیان نەیان توانیوە لە پێناسەیەکی تەواو بۆ شیعر  نزیك ببنەوە ، کەواتە شیعر زۆر لەوە گەورەتر و فراوانترە کە لە چوار چێوەی پێناسەیەکدا  کورتی بکەینەوە ، هەرچی بنوسین  بە شێوەیەك لە شێوەکان ناتوانین هەقی تەواو بدەین بە شیعر ، شیعر  ئەو بینایە کە دەبێت تەواوی کەرەستە سەرەتایی و سەرەکیەکانی لە خۆ گرتبێ ، وەکو مۆسقاو سۆز و هەست و زمان و .. هتد بیرێکیش هەبێت  تەواوی ئەو پێکهاتانە لە خۆ بگرێت ، چونکە (( بیر تیشکێکە بە عەقڵی شاعیر دادێت )) ( ٨ ) و دەبێت ئەو بیرە فرە ڕەنگبێت،تا شاعیر بتوانێت لە ڕێگەی نەخشەیەکی تۆکمەوە  بیخاتە بەردەستی خوێنەران و گوێگران ، بۆ ئەوەی ئامانجەکەی بپێکێت  ، کە بەخشینی جوانی و ئاوازێکی خۆشە بە شیعرەکەی ، تا لەو ڕێگەیەوە تەزوویەکی خۆش بە ناو دەمارەکانی  لەشی خوێنەر بلاّ و بکاتەوە . ئەندێشەش لە شیعردا ئەو چەترەیە کە سەرتاپای شیعرەکە داگیر دەکات و (( دەبێتە کەرەستەی ڕازاندنەوەی واقیع و خستنە ڕووی بە شێوەیەکی هونەری کاریگەر )) ( ٩ ) وە هونەرەکانی ( خوازەو خواستن ) یش هەر یەکەیان بە جۆرێك جوانی بە دەق دەبەخشن . ( کولێردج ) دەڵێت : (( شیعر بە بێ خوازە قەبارەیەکی بێ گیانە  ، چونکە وێنەی خوازەیی بەشێکە لەو وزەیەی کە ژیان بە شیعر دەبەخێت )) ( ١٠ ) لە وێنەی هونەری دا دەبێت هەر ڕەنگێك جۆرە ئیحاو چێژێکی خۆی هەبێت  ، تا لەم ڕێگایەوە شاعیر بتوانێت  وەسفی سەرجەم کەرەستەکانی دەوروبەری و ڕووداوەکانی کە بە سەری دا هاتوون بکات ، چونکە (( وێنە  ڕێگایەکە شاعیر دەیگرێتە بەر ... بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەو وەسفانەی دەیەوێت )) ( ١١ ) کەواتە شاعیر ئەگەرنەتوانێت  ئەو ڕەگەز و کەرەستە  سەرەکیانە بکاتە  بۆتەی شیعرێك ، ئەوە ئەو دەقە شیعرییە وەك مرۆڤێکی کەم ئەندام دەبینرێت  و ناتوانێت دەوری خۆی بگێڕێت لە  بەخشینی  چێژ و خۆشی بە خوێنەران و گوێگرانی . وێنەی شیعری بەرگێکی یەك پۆشی پێویستە  کە لە ژێر ئەم بەرگەوە ئاماژە بە ژیانێکی ڕووناك و جۆرێك لە تەبایی بکرێت لە ناواخنی دا .

---

( ١ ) جبار ئەحمەد حسێن ،ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق ( ١٩٥٠-١٩٧ )،چاپخانەی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٨ ، ل ٧١ .

( ٢ ) حوسێن  محمد  عەزیز ، یاقوت و زمروتی کوردی ، ب ( ١ ) ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، سلێمانی ، ٢٠٠٣ ، ل ١١٦ .

( ٣ ) هاوژین صلیوە عیسا ، بنیاتی وێنەی هونەری  لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا ، ل ٣٦ .

( ٤ ) عادل مەجید گەرمیانی ، وێنەی بابەتی  لە هۆنراوەی  گۆران و سەیابدا ، نامەی دکتۆرا ، کۆلیجی پەروەردە ـ  ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغداد ، ٢٠٠٠ ، ل ٩١ .

( ٥ ) د . محسين  أطيمش ، ديرا لملاك ، دراسة نقدية  الظواهر الفنية في  الشعير العراقى  المعاصر، دار الشؤن الثقافة العامة ، بغداد ، ١٩٨٦ ، ص ٢٢١ .

( ٦ ) د . توفيق  الفيل ، القيم الفنية االمستحدثة  في الشيعر العباسي  من  بشار الى أبن المعتز ، دار السلاسل ، كويت ، ١٩٨٤ ، ص ٣٦ .

## گرینگی وێنەی هونەری لە بواری ڕەخنەدا :

هەر لە دێر زەمانەوە کاتێ لە دیوەخان و شوێنە ئاینیەکان و کۆڕو کۆبونەوەکان شیعر خوێندراوەتەوە دوو بنەما کاریگەری بەسەر گوێگران دا هەبوو ئەوانیش وێنەو مۆسیقا بووین ، چونکە شیعر تا چەند مۆسقای ناوەکی و جوانی تیا بێت و وێنەی نوێشی لە ئامێز گرتبێت ئەوەندە خۆی لە دیواری دڵی خوێنەران دەسوێت و ڕۆ دەچێتە ناخی دڵ و دەرونیان ، کەواتە وێنە پایەیەکی گرینگی شیعرییە ، شاعیری داهێنەر هەمیشە بە دوای وێنەی نوێ و جوان و ڕازاوە دا دەگەرێت ، ڕەخنەگریش تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر بنەمای وێنە لێکدانەوە بۆ شیعرەکە دەکات و ڕووی ئەفراندن و داهێنانی دەخاتە ڕوو لایەنی باش و خراپ و کەم و کورییەکانیشی دەست نیشان دەکات . وێنەی هونەری هەر لە کۆنەوە گرینگی خۆی هەبووە ، بۆیە بۆتە جێگەی بایەخی ڕەخنە گران و بە شێوەیەکی بەر چاو گرینگیان پێداوە ، چونکە وێنە لە شیعردا ئاوێنەیەکە خەون و خۆزگەکانی شاعیرمان بۆ ئاشکرا دەکات . لە ڕێگای وێنە شیعرییەکانەوە دەتوانین بە ناخی شاعیر ڕۆ بچین ساتە خۆشی و ناخۆشەکانی دیاری بکەین ، چونکە وێنە لە شیعردا (( ئەفڕاندنی بینینێکی تایبەتییە بۆ شتەکان )) ( [12] ) . هەر بۆیە وێنە بە یەکێك لە گرینگترین ڕەگەزەکانی ئەدەبی هاوچەرخی ئەمڕۆمان دادەنرێ ، ئەمە مانای ئەوە نیە لە سەردەمی کۆندا گرینگی پێ نەدرابێت ، بەڵکو بە پێچەوانەوە ( ازرا پاوەند ) دەڵێت : (( وە دەست هێنانی وێنەیەکی شیعری لە ژیاندا لە دانانی چەندین کتێب باشترە )) ( [13] ) ، ئەمە گرینگی بایەخی وێنەی شیعریمان بۆ دەخاتە ڕوو ، کە وەك مەشخەڵێك ڕێگا تەنگ و تاریکەکان ڕۆشن دەکات چێژو خۆشی بە گیان و دەروون دەبەخشێ .

وێنەی شیعری دیار دەیەکی کۆنە و لەگەڵ بوونی شیعر وێنە هەبووە ، بەڵام بە شێوەیەکی چەق بەستوو و تەنها لە سنوری ( زولف ، چاو ، پەرچەم ، برژانگ ،.... هتد ) سوڕی خواردوە ، کەچی لە شیعری هاو چەرخدا ئەم سنورەی بە زاندوەو تەواوی جیهانی گرتۆتەوە . وێنە لە شیعردا داهێنانێکی بەرز و پڕ بایەخە کە توانا و داهێنانی شاعیرمان نیشان دەدا ت (( وێنە کێشان لە شیعردا بە دەسەلات و گەشەو زۆر شت لە خۆ دەگرێ و لە دەست مرۆڤی کەم بەهرە نایەت )) ( [14] ) . بۆ دروست بوونی هەموو وێنەیەك ئەبێت خەیاڵێکی بەرزە فڕ هەبێت تاکو ئەو بیرەی لە مێشکی شاعیر دایە لە شێوەی تابلۆیەك بەر جەستە ببێت ، چونکە (( شیعر پێکهاتەی بیر و خەیاڵ و هەست و سۆزی شاعیرە )) ( [15] ) بە چوونە پاڵ یەکی ئەو ڕەگەزانە ئینجا جەستەیەکی وێنەیی دێتە بەر هەم ( ڕۆبەرت ئارز ڕوز ) دەڵێت : (( ئەوە ڕاست نیە وێنە تەنها کۆڵەگەی شیعر بێت ، بەڵکو ڕاستی لەوە دایە وێنە گەوهەری شیعرەو لە هەمان کاتیشدا گیان و لاشەکەیەتی )) ( [16] ) . لە هەمان کاتدا دەبێت شیعر هۆکارێك بێت بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی کۆمەڵ و خستنە ڕووی دیاردە دزێوو نا حەزەکانی ڕۆژانە هەر بۆیە (( پەیامی شیعر یا ڕاستتر ڕێڕەوی شیعر ئەبێ بریتی بێ لە ئاوێنەیەك بۆ خستە ڕووی ئازارەکانی گەل )) ( [17] ) بۆدەرخستنی

---

([1]) صلاح فضل ، نظرية البناية في النقد الادبي ، ط ( ٣ ) ، بغداد ، ١٩٨٧ ، ص ٨٥ .

([2])د . علی تاهر بەرزنجی ، کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا ، چاپخانەی چوار چرا ، سلێمانی ، ل ١٤٤ .

([3])کاکەی فەلاح ، وێنەی شیعری چی یە ؟ ، گ ( کاروان ) ، ژ ( ٤٩ ) ، ١٩٨٦ ، ل ٢٤ .

([4]) هاوژین صلیوە عیسا ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا ، ل ٣٤ .

([5]) د . علی تاهر بەرزنجی ، کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا ، ل ١٤٤ .

([6]) دلشاد علب ، دیلا ن و تاقی کردنەوەی شیعری ، چاپخانەی سەر دەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ ، ل ٤٥ .

ئەم بارانەی کۆمەڵیش شاعیر ئازادە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی کەرەستەکانی گەردوون بە گشتی و دەور و بەری بە تایبەتی ، ئەمەش بە پشت بەستن بەوەی کە (( لە هەموو جیهاندا یاسایەك نییە شاعیر بێ بەش بكات لە بەكار هێنانی پێوەندییە مرۆییەكانی خۆی ، بە ڵكو بەپێچەوانەوە شاعیر گشت ماددەی شیعرەكانی لە جیهانەوە وەر دەگرێت .. جیهانی شاعیر بریتییە لە : ( جیهانی بینرا و + جیهانی نەبینراو + جیهانی تایبەت ) )) ( [18] ) . بێگومان شێوەی دەربڕین و کەرەستەی تیف تیفەکاری ئەو بابەتانەی وێنەیان لێ دروست کراوە لە سەر دەمێکەوە بۆ سەر دەمێکی تر دەگۆڕێت ، ئەمەش بە گۆڕانی باری ژیانی کۆمەڵگا ، هەموو ئەو کەرەستانەش دەخرێنە بۆتەی وێنەیەکی شیعری بۆیە (( وێنەی شیعری ڕێگایەکی تایبەتییە لە ڕێگاکانی گوزارشت ، یان شێوەیەکە لە شێوەکانی دەلالەت ، گرینگیەکەشی مانا بەخشینە )) ( [19] ) . مرۆڤ کاتێك کە دیمەنێك یا ن ڕووداوێك لە دەور و بەری ژینگەکەی خۆی دەبینێت ، وێنەی ئەو دیمەنە لە مێشکی کۆپی دەبێت ، بەڵام لەوەیە پاش ماوەیەك ئەم وێنەیە کاڵ بێتەوە و ئەسەری نەمینێت ، بۆیە لای شاعیر دەبێت بەشێوەیەکی وا بێت کە جۆرە قوڵ بوونەوە و چربونەوەیەکی تێدا بە دی بکرێت ، ئەمەش ئەوە دەر دەخات کە (( وێنە لای مرۆڤێکی ئاسایی دەبینرێ ، هەستی پێ دەکرێ ، بەڵام هەژان و کڵپەیەکی کاتی یەو دادەمرکێتەوە )) ( [20] ) . کەواتە وێنە دەبێت لای شاعیر ڕازاندنەوەیەك و تەلیسمێکی جوانی تێدا بێت ، تاوەکو خوێنەر هەست بکات شیعرەکانی وێنەیەکی ڕازاوەو زیندون . ئەو نەمرییەش کاتێك بە شیعر دەبەخشرێت (( ئەوەندەی پەیوەندی نێوان دوو دیاردەی نزیك ، دوور و ڕاست بێت ، وێنەکە بە هێزتر و توانای هەڵچوون و شیعرایەتی پتر دەبێت )) ( [21] ) . شاعیریش ئەگەر خۆی و شیعرەکانی هەڵقوڵاوی ئازارەکانی میللەتەکەی نەبێت ئەوا تەواوی فەر هەنگی هەموو زمانەکانی جیهان لە بەر دەستی دا بن ناتوانێت وێنەیەك بکێشێت کە تەنها لایەنێکی میللەتەکەی دەر بخات ، چونکە (( پێوانەی سەر کەوتنی هەر شاعیرێك لە نووسینی شیعر ... دا ئەوەیە تا چ ئاستێك قوڵیی و ڕاستی و کاریگەریی مرۆڤانەی ئەزموونە خۆیی یەکەی خۆی و میللەتەکەی بە خوێنەر دەگەیەنێت )) ( [22] ) ، تەوزیف کردنی وێنەش لە لای شاعیرانی نوێ و هاوچەرخ جۆرە پۆشاك و ئارایشت کردنێکی جیای پێوە دیارە کە جیایە لەو وێنەیەی لە لای شاعیرانی کلاسیکی ئاماژەی پێکراوە (( وەك لە شیعری نوێ دا دەبینرێت هەندێك لە شاعیرە بەرزەکان کە باس لە شیعر دەکەن وەك ئەوە وایە بە تەنها لە وێنە بدوێن )) ( [23] ) ، چونکە دەزانن شیعر بێ وێنە جەستەیەکی مردوو ە ، کەواتە وێنە لە شیعر دا ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە دەر خستنی نەخشە و پلان و خەون و خۆزگەکانی شاعیر ، کە دەشێ هەر وێنەیەك دەر خستنی یەکێك لەو ئامانجانە بێت کە شاعیر ئاواتیەتی لە داهاتوو پێی بگات .

---

( [1] ) د . علی تاهر بەرزنجی ، کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا ، ل ٢٠٧ .

( [2] ) جابر أحمد عصفور ، الصورة الفنية في تراث نقدي و البلاغي ، جامعة القاهرة ، القاهرة ، ١٩٧٤ ، ص ٣٤ .

( [3] ) محسین ئاوارە ، ڕەنگدانەوەی ـ وێنە ـ لە شیعری نوێ ی کوردی دا ، گ ( ڕۆشەنبیری نوێ ) ، ژ ( ٧٥ ) ، ١٩٧٩ ، ل ٦١ .

( [4] ) د . محمد بكر ، پەخشانە شیعری کوردی ، دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٤ ، ل ٦١ .

( [5] ) کەمال میراو دەلی ، هەردی و ڕۆمانسیزمی خود، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی ، کەرکوك ، ٢٠٠٧ ، ل ٣ .

( [6] ) د . محسين أطيمش ، ديرا لملاك ، دراسة نقدية الظواهر الفنية في الشعر العراقى المعاصر ، ص ٢٢١ .

## زمان وەك بنەمایەكی وێنەی هونەری :

زمان ڕوحی ئەدەبە ، دەقی جوان هەمیشە بە زمانەوە جوانە ، لە داستانی گلگامێشەوە بگرە تا دەقە جۆراو جۆرەكانی ئەمڕۆ ، هەر چەندە ڕۆژگار دەڕوا بە هەموو پێوەرێكی ڕێبازە ڕەخنەییەكانەوە ، هەرگیز نەیان توانیوە نكۆڵی لە ڕۆڵی زمان لە هاوكێشەی داهێناندا بكەن ، ئەفلاتون لە ( كۆماری خێرۆ مەند ) ەكەی دا دوای هەڵوێستەیەكی دژوار لە ئاست دەقی شیعر و پایەی شاعیراندا (( دوا جار بۆ پاساوی خۆی دان بەوە دا دەنێ زمانی شیعر سۆز و سیحرێكی ئەو تۆی تێدایە كە كار لە دەرونی مرۆڤ دەكات و خوێنی دێنێتە كوڵ )) ( [٢٤] ). زمان لە شیعردا گرینگی یەكی ئەو تۆی هەیە زۆر جار كەسایەتی شاعیر دیاری دەكات . زمان لە ئەدەب بە گشتی و لە شیعر بە تایبەتی كۆڵەگەیەكی پتەوە كە بینای شیعری بە هەموو پێكهاتەكانیەوە لەسەر وەستاوە ، ئەوەی دەلالەت دەكات بۆ جوانی شیعر و پێكهاتەو ڕوحی شیعرەكەی پێ بە هێز دەبێت وشەیە ، چۆنیەتی مامەڵە كردنی شاعیریش لە گەڵ وشە دا ، هەمان ئەو وشانەیە كە ڕۆژانە بە شێوازی باو بە كاریان دەهێنێت ، بەڵام بە جۆرە ئارایشت كردنێكی ڕازاوەو جوان (( چەند شاعیر بەسەر نهێنیەكانی زماندا زاڵ بێت و سروشت و پێكهاتنی وشەو واژەو زاراوەكان ئاگەدار بێت شارەزایانە هەڵسوكەوتیان لەگەڵ دا بكات ئەوەندە لە بەردەم خولقاندنی حالەتە شیعریەكەدا سەركەوتوو دەبێت )) ( [٢٥] ) و دەتوانێت ڕووداوەكانی دەورو بەری لە ڕێگای زمانێكی پوخت وسفتەوە تەوزیف بكات ، چونكە (( زمان باشترین كەرەستەی دەربڕینە بەلای مرۆڤەوە بەتایبەتی بەلای ڕۆشنبیرو ئەدیبەوە ، چونكە دەتوانێ لە ڕووی زمانەوە كاریگەری خۆی ڕابگەیەنێت بەسەر خوێنەرانی بەرهەمەكانیەوە )) ( [٢٦] ) . چۆنیەتی مامەڵە كردنی شاعیر لە گەڵ وشە لە دەقدا ، دەبێتە بنەمای بەهێز ، یان لاواز بوونی دەق ، نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت ئەگەر شیعرێك بە هەموو كەرستەو ماددە سەرەتاییەكانی زمانیش ڕازا بێتەوە و هەموو توانایی و كارایی‌ەكانی زمانیشی تێدا بێت و داڕشتنەوەی دەقەكەش دارشتەیەكی هونەری بێ ، ئەوە ی لە كۆتایدا خوێنەر یان گوێگر لێ دەكری ماناو پەیامی دەقە ، ماناو پەیام مرواری نێو سەدەفی شیعرن ، زمان دەبێت لە خزمەتمانا ، یا پەیامی شیعر دابێت ، ئەگەر سە رەنج بدەین (( ئەو مرۆڤانەی دەگەنە تروپك لە ژیاندا ، ئەو مرۆڤانەن كە هەموو دەمێ بە ووردی و بە چڕی بە خاوێنی زمانی خۆیان پەروەردە كردووە )) ( [٢٧] ) خزمەت كردنی زمانیش لە ڕێگای زۆر خوێندنەوەی بەردەوامی بابەتە جۆراو جۆرەكانە وە دەبێت ، چونكە زۆر جار شاعیر لە كاتی خوێندنەوەی بابەتێك ئاشنایەتی لەگەڵ كۆمەڵێك وشەو دەستە واژە دروست دەكات ، كە لەوەو پێش نەی ناسیون . زمان لە شیعردا دەبێت بەتەواوی لە یاسا ڕێزمانیەكانی جیا بكرێتەوەو تێك بشكێندرێت ، چونكە (( بەڕای كەسانێكی ڕەخنەگری وەك سارتەر شیعر هەر ئەو زمانیە كە خۆی لە بازنەی خۆی دایە و لە ئاكامی تێكشكاندنی زمانی باودا لە دایك بووە )) ( [٢٨] ) مەبەست لە یاسا ڕێزمانیەكانیش ( بكەر ، بەركار و كردار ) ە . واتا شاعیر نابێت لە شیعردا پابەندی ئەو دەستورانە بێت ،

---

( [١] ) د . هیمداد حوسێن ، زمان و دەقی ئەدەبی ، گ ( ڕامان ) ، ژ ( ١٣١) ، ٢٠٠٨ ، ل ١٦٠ .

( [٢] ) عباس صالح عبدوللا ، ژیان و بەرهەمی سەفوەت ، نامەی ماجستێر ، كۆلیجی زمان ، زانكۆی سلێمانی ، ٢٠٠١ ، ل ٤٢ .

( [٣] ) د . عادل گەرمیانی ، ئەرك و خەسڵەتەكانی زمانی شیعر ، گ ( كاروان ) ، ژ ( ٢٣١ ) ، ٢٠٠٨ ، ل ٦٨ .

( [٤] ) نیگار نادر ، زمان فرۆشی ، گ ( ڕامان ) ، ژ ( ١٢٠ ) ، ٢٠٠٧ ، ل ٨١ .

( [٥] ) هاوژین صلیوە عیسا ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێركۆ بێكەس دا ، ل ٢٧ .

ئاساییە پاش و پێش بەو کەرەستانە بکات . زۆر وشە بە تەنها هیچ مانایەك نادات بە دەستەوە تا نەخرێتە چوار چێوەی ڕستەوە ، شاعیر دەبێت وشە (( لە مانا کۆنەکانی ـ یان فەرهەنگییەکانی ـ رزگار بکات ، تاوەکو گوێگر ـ یا خوێنەر ـ بەسەر بەستی وەریبگرێت و لە گەڵ خەیاڵی خۆیدا تێکەڵی بکات ، بەو نیازەی کاریگەریی ئیستاتیکی بمێنێت ، کە ئەمەش ئامانجی دەقی شیعرییە )) ( [٢٩] ) بەکار هێنانی زمانیش لەلای شاعیرێك جیایە لە بەکارهێنانی لە لای شاعیرێکی تر ، زۆر جار لە ڕێگای زمانەوە خاوەنی شیعرەکە دەناسرێتەوە ، واتا زمان دەبێتە پێناسەی شاعیر . ئەوەش لە ڕێگەی ئەو جۆرە ستایلەی کە هەڵی دەبژێرێت و خۆی بە کەسی بەرامبەر دەناسێنێت جا یا لە ڕێگەی خوێندنەوە یا گوێگرتن ، واتا کەسی بەرامبەر دەشێ خوێنەر بێت لە لایەکەوە ، لە لایەکی تریشەوە دەکرێت گوێگر بێت . هەمیشە وشە لە زماندا لە نوێ بونەوە دایە ، چونکە (( ئەوەی ڕاستی بێ زمان خۆی ئەو تەلیسمەیە کە هەڵهێنانی واتاو قولاییەکانی و پەی بردن بە نهێنیەکانی ئەستەمە ، وشەیش خرۆکەکانی ناو ئەو جەستە نەمرەیە )) ( [٣٠] ) . زمان وەك باخچەیەکی پڕ لە گوڵی جۆراو جۆر وایە و هەر وشەیەك جۆر ە بۆن و واتایەکی تایبەتی خۆی هەیە و بۆ بابەتێکی هەمە لایەنە بەکاردەهێندرێت ، زۆر وشە هەیە کە خاوەن مانایەکی زۆر دزێو و ناشیرنە ، بەڵام هەر ئەو وشەیە دەشێ لە ناو جەستەیەکی شیعری ڕوویەکی زۆر جوان و ڕەونەقدار و واتایەکی زۆر بە جێی هەبێت کە خوێنەرسەرسام بکات بە دیار خۆیەوە .شاعیریش تاچەند فەرهەنگی وشەکانی بە هێز بێت و وشە و دەستە واژەی زیاتر بزانێت ئەوەندە زیاتر دەتوانێت وێنەی جوان و هەمە ڕەنگ دروست بکات ، چونکە وشە بە تەنها هەڵگری مانایە و بە لێکدانی کۆمەڵێ وشە وێنە دروست دەبێت ، شاعیریش دەتوانێ بە هەزارەها وێنە دروست بکات ، لەبەر ئەوەی زمان پڕۆسەیەکی بێ کۆتایی یەو تا شاعیر لە ژیان دا مابێ ناگاتە ئەوەی دوا وشەو دوا وێنە بڵێت ، چونکە بەبەردەوامی ئیلهامی نوێ لە دایك دەبێت و وێنەی نوێ دێنە ئاراوە ، شاعیریش کەرەستەی وشەیە و جگە لە پەیڤ و زمان هیچی تر شك نابات تاوەکو هەستە پەنگ خواردووەکانی خۆی هەڵبڕێژێت ، هەموو دەقێکی شیعری وەر بگرین بە زمان نووسراوە تەوە ، بەڵام هەموو شاعیرێك یا خود لە هەموو شیعرێك ناتوانرێت سیحری گۆڕین ئەفراندن جێ بە جێ بکرێت هەر ئەمەشە شیعری باش و خراپ لە یەکتر جیا دەکاتەوە ، چونکە شاعیر دەبێت ئەو زمانە وەك هەویر بە ئاوی سۆز و خەیاڵ و هەست و نەست هەڵبشێلێت و لە قالبی نایاب و جوان دای بڕێژێتەوە و بیگەێنێتە ترۆپکی داهێنان و ئەفراندن .

---

( [١] ) جەبار ئەحمەد حسێن ، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق ( ١٩٥٠ ـ ١٩٧٠ ) ، ل ٨٩ .

( [٢] ) ئا . باوکی میرۆژ ، تەوەرێك بۆ ئەو دیوو ڕەهەندەکانی وشە ، گ ( کۆسار ) ، ژ ( ٣ ، ٢ ) ، ٢٠٠٢ ، ل ١٧٥ .

## بـــەشـــــی دووەم :

### جۆرەکانی وێنەی هونەری  لە شیعری حەسیب  قەرەداغی دا :

( أ )   وێنەی تاك :

١.   شێوازی هەست گۆرکێ :

٢.   شێوازی ئاڵوگۆڕ کردنی درك پێکراو :

أ-   بەر جەستە کردن :

ب-   بە تەن کردن :

ج _   بە کەس کردن :

٣.   شێوازی لێکچواندن :

( ب)   وێنەی لێکدراو :

١.   کەڵەکە بوونی وێنەی تاك :

٢.   لێکچواندنی وێنەی لێکدراو :

### وێنە لە ڕووی هەستی و ژیری یەوە :

( أ)   وێنەی هەستی :

١.   وێنە بە پێی هەستی بینین :

٢.   وێنە بە پێی هەستی بیستن :

٣.   وێنە بە پێی هەستی بۆن کردن :

٤.   وێنە بە پێی هەستی چەشتن :

٥.   وێنە بە پێی هەستی بەر کەوتن :

( ب)   وێنەی واتایی ( ژیری ) :

## جۆرەکانی وێنەی هونەری  لە شیعری حەسیب قەرەداغی دا :

### (أ) وێنەی تاك :

تاکە وێنەیەکە کە دیاردەیەك یان ڕووداوێکمان بۆ وەسف دەکات و بە دروست بوونی چەند وێنەیەکی تاك ، وێنەی گشتی دروست دەبێت . مەبەست لە وێنەی تاك ئەمەیە کە یەك وێنە دەخرێتە بەر چاو ، وێنە تاکەکەش لە گەڵ وێنەکانی تری ناو شیعرەکە دەبێت لە خزمەتی یەکتری دا بن ، چونکە (( جۆرە ئۆرگانیزمیەکی تێدایەو پەیوەندی نێوان وێنەکان پەیوەندیەکی مەعنەوی و دەرونییە ... واتا وێنەی تاك پەیوەندیەکی تایبەتی هەیە لەگەڵ وێنەکانی سیاقی گشتی دەقەکە )) ( [٣١] ) ، وێنەی تاك لە شیعر ئاسانترین پێکهاتەی وێنە گرتنی شیعرییە ، لەبەرئەوەی وێنە ی تاك بەشێك نیشان دەدات و لایەنێکی دیاری کراو لە شیعر دەگرێتەوە (( وێنەی تاك لەگەڵ ئەو بچوکیەی خۆیدا وێنەیەکە چالاکەو کاریگەری خۆی هەیە لە بنیاتی شیعردا )) ( [٣٢] ) ، وێنەی گشتی خۆی لە شێوەی هەرەمێکەو وێنەی تاك لە چۆنیەتی دروست بوونی وەکو ئەندامێکە لە ئەندامەکانی لەشی بەشداری لە پێکهاتنی لەشی دەکەن و خاوەن خاسیەت و تایبەت مەندی خۆیەتی و (( لە ڕێگای شی کردنەوەی وێنە تاکەکانەوە مەبەستی وێنە ئاڵۆزەکان ڕوون دەبێتەوە )) ( [٣٣] ) کەواتە وێنەی تاك بەشێکە لە گشت . ڕێگاکانی دروست بوونی بە چەند شێوازێك دەبێت وەك ( لێکچوواندن ، خواستن ، خوازەو درکە ) کە هەموویان لە ناو هونەرەکانی رەوانبێژی کۆندا دەچنە ناو بەشی ڕەوانبێژیەوە ، وێنەی تاك چەند جۆر و شێوازێکی هەیە لێرە دا باس لە سێ جۆریان دەکەین .

### ١. شێوازی هەست گۆرکێ :

داماڵینی خو ڕەوشت وسیفەتی شتێك و خستنە پاڵی شتێکی تر ، هەندێ جاریش (( هەڵسانی هەستەوەرەکانە هەر یەکە بە ئەرکی هەستەوەرێکی تر جگە لە ئەرکە بنچینەییەکەی خۆی )) ( [٣٤] ) هەست گۆڕکی دروست دەبێ ، دروست بوونی ئەم جۆرە وێنەیە پێویستی بە سەلیقەو کارامەییەکی زۆر هەیە ، چونکە داماڵینی ئەرکی هەستێك و بەخشینی بە هەستێکی تر کارێکی هەروا سانا نیە ، سودی (( ئاوێتە کردنی سیفەتی دوو هەست لە ڕێی هەست گۆر کێ ییەوە دەبێتە مایەی ڕێ خۆش کردن و گەیاندنی لایەنێك لە هەڵچونەکانی دەرونی هۆنیار )) ( [٣٥] ) .

حەسیب قەرەداغی لە شیعری ( جەردەو گەڕەك ) دا دەڵێت :

---

( [١] ) عبدولقادر محەمەد ئەمین ، وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسیی کوردیدا ، دەزگای چاپ و پەخشی سەر دەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٢ ، ل ٦٧ .

( [٢] ) هاوژین صلیوە عیسا ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا ، ل ٥٩ .

( [٣] ) شنۆ محمد مەحمود ، ڕۆڵی سوارەی ئیلخانی زادە لە نوێگەری شیعری کوردیدا ، نامەی ماجستێر ، زانکۆی کۆیە ،کۆلێژی زمان ، ٢٠٠٦ ، ل ١١٤ .

( [٤] ) سەردار ئەحمەد گەردی ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا ( ١٩٧٠ ـ ١٩٩١ ) ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٦ ، ل ١٣١ .

( [٥] ) عادل مەجید گەرمیانی ، وێنەی بابەتی لە هۆنراوەی گۆران و سەیابدا ، ل ١٩١

**که ڕەشەبا بۆنی جەردە دێنێ بەسەرماڵەکاندا**

**خۆ مات دەکەن**

**ترسنۆکی دوو پات دەکەن ( [٣٦] )**

**وێنەیەکی هەست گۆڕکێیە که دەڵێت ( بۆنی جەردە ) جەردە دەبینرێت ، بەڵام هەستەکە گۆڕاوە بۆ هەستی بۆن کردن .**

**شاعیر له شیعری ( دڵی هەڵواسراو ) دا دەڵێت :**

**خۆزگایە دڵم هەڵواسرایە له جێی ئەو دڵە**

**قومم لێ دەدا دەمێك لەم گوڵەو دەمێك لەو گوڵە ([٣٧] )**

**وێنەیەکە بە پێی شێوازی هەست گۆڕکێ دروست بووە که دەڵێت ( قومم لێ دەدا دەمێك لەم گوڵە ) هەستی بۆنکردن گۆڕاوە بۆ هەستی چەشتن ، چونکە گوڵ بۆن دەکرێ ، بەڵام شاعیر گۆڕیویەتی بە جۆرە خوارد نەوەیەك ،( خوازە )ش بەکار هاتووە ، چونکە ( گوڵ ) بە مانا ڕاستەقینەکەی خۆی بەکارنەهاتووە ، بەڵکو بۆ مەبەستێکی تر بەکار هاتووە که ( مەمك ) ە .**

**٢. شێوازی ئاڵو گۆڕکردنی درك پێکراو :**

**أ- بەر جەستە کردن :**

**بەخشینی گیانە بە شتە بێ گیانەکان ، ئاشکرایە هەر شتێك گیانی تێدا بوو وەك مرۆڤ و ئاژەڵ بە گشتی هەڵسوکەوت دەکات و توانای جوڵەو هەناسە و گەشەو ڕۆیشتن ... هتد دەبێت ، واتا بە خشینی گیانە (( بە هەموو ئەو شتە ماددی و مەعنەویانە وەکو گیانەوەر مامەڵەیان لەگەڵ دەکات )) ( [٣٨] ) ، زۆر جار شاعیر کەرەستە واتاییەکان دەخاتە بۆتەی شیعرێك و بە هۆی خەیاڵەوە گیانیان بە بەر دەکات و وەکو گیانەوەر هەڵسوکەوت دەکەن .**

**شاعیر له شیعری ( بارانی چاوەڕوانی ) دا دەڵێت :**

**تۆ بە تاوی بارانێکت دام گرەوە زۆر تینوومە**

**دەمی لێوی ڕەشەباکان کاوێژ دەکەن بە وەیشوومە ( [٣٩] )**

**وێنەیەکە بە هۆی بەر جەستە کردنەوە دروست بووە . که سیفەتی گیان لەبەری بە خشیوە بە ( ڕەشەبا ) و وەکو ئاژەڵێك مامەڵەی لەگەڵ کردووە ، چونکە ( ڕەشەبا ) گیانی لەبەر نیە ، بەڵام لێرە دا وەکو جۆرێك لە ئاژەڵ کاوێژ دەکات و دەم و لێوی دەجوڵێنێ .**

---

([١]) حەسیب قەرەداغی ، دیوانی فەرهەنگی خەم ، ب ( ١ ) ، دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی ئاراس ، ٢٠٠٢ ، ل ٣٣١ .

([٢]) س . پ ، ل ١٩١ .

([٣]) هاوژین صلیوە عیسا ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا ، ل ٦٢ .

([٤]) حەسیب قەرەداغی ، دیوانی فەرهەنگی خەم ، ب ( ١ ) ، ل ١٦ .

له وێنەیەکی تر دا بەناوی ( شاری کپ ) دا دەڵێت :

شاری نیوە  خاپور کراو

شەوە

تاریک ، نوتەك

خنکاوی ناو دەریای خەوە ( [40] )

لێرەشدا وێنەیەکی بەر جەستە کردنە ( شار ) ڕوحی بۆ دروست بووە و وەکو ئاژەڵێك لە شەوێکی تاریك و نوتەك خەوی لێکەوتووە ، وێنەیەکی بە تەن کردنیشە لە ( دەریای خەو ) ، چونکە (خەو) بارستە و قەبارەی نیە کەچی لێرە هەردووکی بۆ دروست بووە .

ب ـ  بە تەن کردن :

بەخشینی قەبارە و بارستاییە بە شتە واتاییەکان ، شتە واتاییەکنیش پێچەوانەی گیانداران و شتە بێ گیانە بینراوەکانی دەور و بەر شوێنێك داگیر ناکەن لە ژینگە ، کەواتە (( بە تەنکردن ( تجسیم ) هەوڵ دەدات شتە ژێرییەکان بکات بە هەستی )) ( [41] ) ئەم جۆرە پراکتیزە کردنەش لە شتە واتاییەکان بە دوورە ، بەڵکو ئەمە بە هەوڵی شاعیر ئەم قالبەیان بۆ دروست دەبێت و پۆشاکێکی زیندویان بە بەر دا دەکرێت .

شاعیر لە شیعری ( کێڵگەی زامان ) دا دەڵێت :

ئازار چەپك چپك دەکەم

دەیدەم لە قژی خەمەکان ( [42] )

دوو وێنە لە ڕێگای بە تەنکردنەوە دروست بوون ، چونکە هەم ( ئازار ) و هەم ( خەم ) نابینرێن و بارستەو قەبارەیان نیە ، کەچی لێرەدا (ئازار) چەپك چەپك کراوەو ( خەم) یش قژی بۆ دروست بووە .

شاعیر لە کورتە شیعرێکی تر دا دەڵێت :

لە بۆ دا بست

لە گوێ ڕووباری دانووبدا  دانیشتبووم

خەمی خۆمم بە با ئەداو

دڵی خۆمم ئەدایەوە ( [43] )

---

( [1] ) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٤١ .

( [2] ) سەردار ئەحمەد گەردی ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا ( ١٩٧٠ ـ ١٩٩١ ) ، ل ١٣٨ .

( [3] ) حەسیب قەرەداغی ، دیوانی فەرهەنگی خەم ، ل ٤١٤ .

( [4] ) س . پ ، ل ١٠٣ .

وێنەیەکی بە تەنکراوە کە دەڵێت ( خەمی خۆمم بە با ئەدا ) خەم شتێکی واتاییە و شاعیر وەك تۆز و خۆڵ و شتی وورد مامەڵەی لەگەڵ کردوە و بە( با)ی دا کردوە .

لە وێنەیەکی تربە ناوی ( دوا گۆرانی ) دا دەڵێت :

ئەی یارەکەم

خەونەکانم مەکوژێنەوە ، با بمێنم

لە ناو باخی گۆنای تۆدا

بە ئاواتم تۆوی ماچی تیا بچێنم (٤٤)

دوو وێنەی بە تەنکراوە کاتێك دەڵێت ( خەونەکانم مەکوژێنەوە ، تۆوی ماچ ) خەون ناوێکی واتاییە قەبارەو بارستایی نیە کەچی لێرە دا وەکو ئاگر کە دیار و بەر چاوە و خاوەن قەبارە یە ، هەروەها ( ماچ ) بە هەمان شێوە ناوێکی واتاییە وەکو ( دانەوێڵە ) مامەڵەی لەگەڵ دا کراوە.

**ج ـ بە کەس کردن :**

بەخشینی سیفەت و ئەرکی مرۆڤە بەشتە بێ گیانەکان و سەرجەم ئاژەڵان وەکو قسە کردن و پێکەنین و گریان ... هتد (( بنیات نانی وێنەی تاك لەسەر بنچینەی بە کەس کردن هەوڵدانێکە ئەگەری درۆو ڕاستی لێ دەکرێت بۆ مەزەندەی بینینی ڕووداوەکان )) (٤٥) ، چونکە شاعیر وێنەیك دەکێشێ بەخەیاڵ کە زۆر دوورە لە واقعیەکان ، بەڵام بەشێوەیەکی وا کە تۆ ڕا دەکێشێت بۆ ناو دونیای خەیاڵی خۆی و وات لێدەکات بڕوا بەو شتە دروست کراوە بکەی کە شاعیر هێناویەتە بوون ، هەندێ جاریش ئەم وێنانە لە ئەنجامی خەم و یەئس و دژوارییەك دروست دەبێت کە بینە قاقای شاعیریان گرتووە و شاعیریش ناچار پەنا بۆ ئەو کەرەستانە دەبات و دەیان هێنێتە قسە و لە پاڵ ئەوانە ڕازی خۆی دە درکێنێ .

شاعیر لە شیعری ( پێپیلکە) دا وێنەیەکی جوانی بۆ کێشاوین و دەڵێت :

گا بەردێکی لا ڕێ گرتوو ، پاڕایەوە ....

خەبەر وایە ئا لێرەوە دەمگوێزنەوە بۆ ناو پارکێ !

دەمکەن بە پەیکەری سوڵتان ....

مخابنە پیاوی چا بە ، پیکێ بێنە

دامگرەوە تا ورد دەبم دەبمە کوچك و کولۆو دانە

یا بمتاش وەك پێپیلکە بۆ بەر دەرگای قوتابخانە (٤٦)

وێنەیەکی بە کەس کردنە ، چونکە بەردێکی گەورە بە قسە هاتووە و دەپاڕێتەوە کە نەی کەن بە پەیکەری سوڵتان ، بەڵکو

---

(١) سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٧٠ .

(٢) سەردار ئەحمەد گەردی ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا ( ١٩٧٠ ـ ١٩٩١ ) ،ل ١٤٠ .

(٣) حەسیب قەرەداغی ، دیوانی فەرهەنگی خەم ، ب ( ١ ) ، ل ١٤ .

ئەوەی لە لا باشترە یا وورد ووردی بکەن یا خود بیکەن بە قادرمە ( پێپپلکە ) ی بەر دەرگای قوتابخانەیەك ، کە قوتابیکان بەسەری دا دەڕۆن ، چونکە خزمەتێکە بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی نەوەك ببێ بە پەیکەری سوڵتان .

لە وێنەیەکی تر دا دەڵێت :

ئاسۆ ڕۆژێك بە خۆری وت :

ئەگەر مژدەی هەڵهاتنت نەدەم چییە ؟ !

خۆریش وتی :

قەت ناتوانی

ئەگەر مژدەی بەیان نەبێ .....

ئاسۆ نیە ! ( [٤٧] )

هەردوو وێنەکە وێنەیەکی بە کەس کردنن ( خۆر و ئاسۆ ) هەردووك گیانیان بە بەر دا کراوەو قسە دەکەن ، قسە کردنیش سیفەتی مرۆڤە بە تەنها لە ناو هەموو گیان داران ، لە هەمان کاتیشدا گفتوگۆی تێدایە و وێنەیەکی کورتیللە چیرۆکی دروست کردوە .

شاعیر لە کورتە شیعرێکی تر دا دەڵێت :

شەماڵ کەوتە ناو باخاکەی ئەو بەر ماڵمان

درەختەکان بە ختوکە کەوتنە سەما

سەر لقەکان بە پێکەنین ئەشنانەوە

وەك ڕەشبەڵەك بە لای یەکدا ئەشکانەوە ( [٤٨] )

دوو وێنەی بە هۆی شێوازی بە کەس کردن بۆ کێشاوین ، لە کاتێکدا درەختەکان سەما دەکەن ، سەما کردنیش سیفەتی مرۆڤە ، هەروەها سەر لقی دارەکان پێدەکەنن ، پێکەنینیش بە هەمان شێوە سیفەتێکە لە سیفەتەکانی مرۆڤ ، بە پێی هەستی بینینیش وێنەیەك دروست بووە کاتێك دەڵێت : ( شەماڵ کەوتە ناو باخەکەی ئەو بەر ماڵمان ). بەم شێوەیە دەبینین شاعیر کۆمەڵە وێنەیەکی جوانی بە شێوازی ( بە کەسکردن ) دروست کردوەو وێنەکانی خۆی پێ ڕازاندۆتەوە و سیفەت و خاسیەتی مرۆڤی بە شتە ماددیەکان بە خشیوو ە .

### ٣. شێوازی لێکچواندن :

لێکچواندنی شتێك بە شتێك کە لە سیفەتێك هاوبەشن ، بەڵام (( سیفەتەکە لە لای شتی دووەم دیار تر و گەشاوەتر بێت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم سیفەتە لە لای شتی یەکەم )) ( [٤٩] ) لە شێوازی لێکچواندنیش چوار بنە ڕەت هەیە کە دووانیان سەرەکین

---

( [١] ) سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٤ .

( [٢] ) س . پ، ل ١١٦ .

( [٣] ) د . عوسمان دەشتی ، وانە بێژی ، زانکۆی کۆیە ، کۆلێژی زمان ، ١٩ / ١١ / ٢٠٠٧ ، کاتژمێر ٣٠ : ٩ ، هۆڵی ژ ( ٩ ) .

یەکەم : ( لێچوو ) ە ، کە شتی یەکەم و سیفەتێکی تێدایە ، بەڵام زۆر کز و لێڵەو ڕوون نیە .

دووەم : ( لەو چوو ) ە ، کە شتی دووەم و هەمان سیفەت لەم دا هەیە ، بەڵام بە شێوەیەکی دیار و ڕوون و دراوشاوەتر ، بە هۆی سیفەتی ( لەو چوو) سیفەتی ( لێچوو ) ئاشکرا دەکرێت . دوو بنە ڕەتەکەی تریش ( ئەوزارو ڕووی لێکچوونە ) .

( ئەوزار ) مەبەست لەو ئامرازانەیە کە ( لێچوو ) و ( لەو چوو ) پێکدەبەستێ . وێنەی لێکچوواندن کاتێك بە هێز دەبێت کە ( ئەوزارو ڕووی لێکچوون ) ی تیا نەبێت بەو جۆرە وێنەیەش دەوترێت (( لێکچوواندنی ڕەوان )) ( [٥٠] ) ، ئەم جۆرە وێنەیە هەر لە سەردەمی شاعیرانی کلاسیکییەوە تا ئێستاش ڕۆڵی خۆی بینیوە لە دروست بوونی وێنەی شیعری . ئەم وێنەیە (( ئاوێنەیەکە دەروون و ژوورەوەی شاعیری لێ ئاوە ژوو دەبێتەوە سەرە داوی نهێنی و شتە شاراوەکانی شاعیر لەوە بە دەست دێ )) ( [٥١] ) .

شاعیر لە شیعری ( بۆ ئەو نەورۆزەی هەموو وەرزێ نەورۆزە ) دا دەڵێت :

**لە جوانیتا هەزار شیعر هەڵ ئەپەڕێ وەك دێوانە**

**یا وەك مەلی پەرەوازە داویانەتە ئەو کێوانە ( [٥٢] )**

واتا لە تاو جوانی تۆ هەزارەها شیعر هەڵ دەپەڕن و شاعیرەکان سەر گەردانن ، شیعرەکان وەکو مەلی پەرتەوازە و سەر لێشێواو داویانەتە کەژ و کێو . وێنەکە بە شێوازی لێکچوواندن دروست بووە :

لێچوو : شیعر

لەو چوو : دێوانە ، مەلی پەرەوازە

ئەوزار : وەك

ڕووی لێکچوون : هەڵپەڕین ، ڕووکردنە کێوو .

لە شیعرێکی تر بەناوی ( گیپە ) کە ( ئەوزار و ڕووی لێکچوون ) بەکار نەهاتووە دەڵێت :

**گیپەکەم کوڵمی ڕووی نەو نەمامە**

**سەر باشقەی هەموو چەشنی تەعامە ( [٥٣] )**

وێنەکە وێنەیەکی لێکچوواندنە ( گیپە ) لێچووە ( کوڵمی ڕووی نەو نەمام ) لەو چووە ، ئەوزار و ڕووی لێکچوون بە کار نەهاتووە ، بەمەش جوانی و چێژێکی خۆشی بە شیعرەکە بەخشیوە .

شاعیر لە وێنەیەکی تر دا بە ناوی ( مەسەلەیەك ) دەڵێت :

**چوومە بنج و بنەوانی مەسەلەیەك**

**درەخت ڕەگی لە خاك دایەو لق و پۆ پەی**

---

( [١] ) سەرچوەی پێشوو .

( [٢] ) د . عەبدوڵلا خدر مەولوود ، لێکۆڵینەوەیەك لە شیعری حەمدی ، چاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر ، ٢٠٠٤ ، ل ١٤٨ .

( [٣] ) حەسیب قەرەداغی ، دیوانی فەرهەنگی خەم ، ل ١٧٤ .

( [٤] )س . پ ، ل ٢٨٢ .

وەکو چەتر بۆ هەڵداوە

بەد بەختی من لەوە دایە

لق و پۆم بەرەو خاکە ڕەگ و ڕیشەم بە حەواوە ! ( ٥٤ )

وێنەیەکی لێکچوواندنە( لق و پۆ) لێچووە ( چەتر ) لەو چووە ، ( وەکو) ئەوزارە ، ڕووی لێکچوون ( فراوان بونی پەل و پۆیە ) . حەسیب قەرەداغی لە شیعری ( چەژنانە ) دا دەڵێت :

وەك هەژارێ هاتمە دەرگات ، وا لە دەرگای تۆ ئەدەم

خاوەنی باخ و بەهاری ، وەرزی ئەو دووانەم ئەوێ ( ٥٥ )

لێرەشدا وێنەیەکی لێکچوواندنی بۆ کێشاوین ، لێچوو ( شاعیر ) ە ، لەوچوو ( هەژار)ە ، ئەوزار (وەك ) . هەر چەندە ڕووی لێکچوون بە دیار نەکەوتووە بەڵام ئاشکرا دیارە کە ( نەبوونی ) یە .

بەم شێوەیە دەبینین لێکچوواندن ڕۆڵێکی باڵای هەیە لە دروست کردنی وێنەی هونەری ، هەر لە شیعری کلاسیکی یەوە تاوەکو نوێترین شیعر بێبەش نیە لەم جۆرە هونەرە ، وێنەی لێکچوواندن زۆرترین وێنەی شیعری پێکدێنێت ، چونکە شاعیر دەیەوێت وەسفی شیعرەکان بکات و بە شێوازێکی جوان بیانخاتە ڕوو ، جوانی و نایەبی بە شتەکان ببەخشێ ، شاعیری سەرکەوتووش ئەو شاعیرەیە کە هەمیشە هەوڵ بدات وێنەی نوێ بدۆزێتەوە ، چونکە شیعر تا ڕادەیەکی زۆر بە وێنەی نوێ و جوان و ڕازاوە خۆی لە قاوغ و بەرگێکی نوێ نیشان دەدات و خوێنەر دەخاتە جیهانێکی سیحراوی ، ( حەسیب قەرەداغی ) لەم مەیدانە گەیشتۆتە ترۆپك دوندە بەرزەکانی دونیای ئەفراندن .

(ب) وێنەی لێکدراو :

هەموو وێنەیەکی شیعری لە وێنەیەك یان چەند وێنەیەکی تاك پێکدێت . وێنە تاکەکان دەبنە بەشێك لە وێنە لێکدراوەکە . (( هەر وێنەیەکی لێکدراو بریتی یە لە کۆمەڵێك وێنەی سادەی پێکەوە گونجاو وە لەسەر بنەغای پێشکەش کردنی سۆزێك یان بیرێك یان هەڵوێستێك بنیاد دەنرێت )) ( ٥٦ ) . شاعیر لە کاتی دروست کردنی وێنەیەك پێویستی بە چەند وێنەیەکی بچووك هەیە ، تا ئەو دیمەنە یا ئەو بیرەی لە مێشکی دایە بیخاتە ڕوو . چۆن ئەو خۆڵ و بەرد و تەپۆلکانەی بەشداری دەکەن بۆ پێکهێنانی گردێك یان چیایەك ، بەم شێوەیە وێنە تاکەکان بەشداری دەکەن بۆ خوڵقاندنی وێنەیەکی شیعری لێکدراو . بەم کۆمەڵە وێنە تاکە (( بیرۆکەیەکیان خستۆتە ڕوو کە ئاڵۆزترە لە بیرۆکەی وێنەی ساکار . واتا گوزارشت لە بیرۆکەیەك دەکەن ،

---

(١)سەر چاوەی پێشوو ، ل ٣٢٦ .

(٢) س . پ ، ل ١٩٠ .

(٣) عادل مەجید گەرمیانی ، وێنەی بابەتی لە هۆنراوەی گۆران و سەیابدا ، ل ٥٤ .

که ناکرێت به هۆی وێنەیەکی تاکەوە پیشان بدرێت )) ( ٥٧ ) . چونکە لەوانەیە شاعیر لە وێنەیەکی تاك نەتوانێ ئەو بیرە یان ئەو مەبەستە دەر ببڕێ (( سیمایی هونەری زیاتر لە وێنەی لێکدراو دا بە دەردەکەوێ ، چونکە لە وێنە تاك ئاڵۆزترە )) ( ٥٨ ) بەدەست کاری کردن و ئاڵو گۆڕ کردنی وێنەکان ، ئەم سیما هونەریە لە ناو دەچێت . وێنەی لێکدراویش دابەش دەبێت بەسەر دوو بەش :

### ١. کەڵەکە بوونی وێنەی تاك :

لە چەند وێنەیەکی تاك پێکدێت ، دەتوانرێت بەوێنەی کۆمەکیش ناوزەد بکرێت ، کە شاعیر بۆ مەبەستی گەیاندنی پەیامێك یا شتێك بەکاری دەهێنێت (( وێنە تاکەکان بەشدار دەبن لە پێکەوە نانی وێنە کۆمەکیەکان و سەر بە خۆیی خۆیان دەپارێزن لەم بەشدار بوونە وە دەر هێنانی هەر وێنەیەکی تاك لە بینای وێنە کۆمەکیەکە شیرازەی وێنە کۆمەکیەکە تێك نادات )) ( ٥٩ ) .

شاعیر لە شیعری ( پێنجەم وەرزی دوای چلە )دا دەڵێت :

**وا پێنج وەرزی دوای چلەمە ، دنیام شەوێکی درێژە**

**وشەکانم نەمان ئەگرن**

**بەیانییە کۆرپەکانم ، هەر زوو ئەمرن**

**لە گۆرەپانی ئازارا پەیکی مەرگم بۆ نابەزێت ( ٦٠ )**

شاعیر چەند وێنەیەکی جیای لەسەر یەك کەڵەکە کردووە ، بەمەش شیعرەکە وەك بینایەك دێتە پێش چاو کە چەند جۆر نەخشەو ڕەنگی جیاجیای تیا بەکارهاتووە ، لە دەر بڕینی ( دنیام شەوێکی درێژە ) وێنەیەکە لەسەر بنەمای وەسف دروست بووە ، لە گوتەی ( وشەکانم نەمان ئەگرن ) بە شێوازی بەکەس کردن دروست بووە ، چونکە مانگرتن زیاتر سیفەتی مرۆڤە ، لە گوتەی ( بەیانییە کۆرپەکانم هەر زوو ئەمرن ) بەر جەستە کردنە ،چونکە سیفەتی مردنی خستۆتە پاڵ وشەی ( بەیانی) . ( لە گۆرەپانی ئازارا) وێنەیەکی بە تەنکردنە ، چونکە ( ئازار ) ناوێکی واتاییە ، کەچی لێرە بەشێوەیەك خراوەتە ڕوو بارستایی و قەبارەی هەیە . لە دەربڕینی ( پەیکی مەرگ ) وێنەیەکی بە تەنکردمان بۆ دروست دەکات . بەمەش بە هەموو وێنەکان وێنەیەکی کەڵەکە کراو دروست بووە .

لە وێنەیکەڵەکە کراو کاتێ خوێنەر دەی خوێنێتەوە ، یان گوێبیستی دەبێت ، چەند وێنەیەکی جیا جیای لە لا دروست دەبێت ، هیچ پەیوەندیەکیان لە نێوان دا نیە ببێتە هۆی بەستنەوەی وێنە تاکەکانی نێو شیعرەکە ، واتا لا بردنی یاخود دەرهێنانی هەر وێنەیەك پێکهاتەی وێنە کۆمەکیەکە تێك نادات . خوڵقاندنی چەند وێنەیەکی تاك وێنەیەکی گشتی دەخاتە بەر دەم و مەبەستەکە ڕوونتر و ئاشکراتر دەبێت ، بابەتەکە خۆی لە چەند بابەتێکی تێکچڕژاو پێك دێت . کەواتە هەر وێنەیەکیان لا بدرێت تەنها لە ڕووی چەندایەتیەوە گۆڕان دروست دەکات لە ڕووی چۆنایەتییەوە گۆڕان ڕوو نادات . ئەمەش ئەوە

---

(١) جەبار ئەحمەد حسێن ، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی ، ل ٣٦٦ .

(٢) د . کەمال مەعروف ، ڕەخنەی نوێی کوردی ، ل ١٤٠ .

(٣) د . عادل گەرمیانی ، وێنەی بابەتی لە هۆنراوەی گۆران وسەیابدا ، ل ٥٣ .

(٤) حەسیب قەرەداغی ، دیوانی فەرهەنگی خەم ، ل .

دەگەیەنێت کە ( یەکێتی وێنەیی ) لە تێکڕای وێنەکاندا نییەو پەیوەندی نێوان وێنە تاکەکان بە پەیوەندیەکی کەڵەکەیی و زۆر بوونی واتاییە لە نێوان وێنە تاکەکان .

## ٢. لێکچوواندنی وێنەی لێکدراو :

ئەم وێنەیە لە ڕێگای لێکچوواندنی شتێك بە چەند شتێکیتر دروست .واتا(( لێچوو یەك شتە ، بەڵام لەو چوو چەند شتێکە))([61]) شاعیر بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی سیفەتی شتێك چەند شتێکی تر دێنێت کە لە ڕاستیدا هەندێ جار ئەو شتەی ئەو دەیەوێت نرخی بەرز بکاتەوە ، شایەنی ئەو ڕێزە نیە ، ئەمەش دەوەستێتە سەر چۆنیەتی بەکارهێنانی خەیاڵی شاعیرەکە خۆی ، چونکە دونیای خەیاڵی هەموو کەسێك یەك جۆرنیە ، ئەگەر وا بوایە ئەوا هەموو خەڵك خاوەن یەك بەرنامە دەبوون و یەك هەڵوێستیان دەنواند بەرامبەر ڕووداوەکان . لە لێکچواندنی وێنەی لێکدراودا(( ئەم هەمە جۆری و زۆریەی سیفەتەکان بە ئامانجی پیشاندانی هەموو لایەنێکی( لێچوو) و تەواو کردنی وێنەیەکی لێکدراو بە وێنە کێشانی هەموو لایەناکانی دەهێنرێتەوە)) ([62])
حەسیب قەرەداغی لە شیعری ( جوانییت ) دا دەڵێت :

بۆ جوانی تۆ
شیعرم لە جێی خۆی دایەتی ....
وەکو کوردو کوردایەتی
وەك گەردانە و بەر گەردەنت
وەکو گۆنا ئاڵکردنت ([63])

شاعیر هاتووە شیعری خۆی بۆ وەسف کردنی خۆشەویستەکەی بە شایستەو تەواو زانیوە بۆ خستنە ڕووی جوانیەکانی ، وێنەیەکی لێکچوواندنی بەشێوەی لێکدراو کێشاوە ، لێچوو یەك شتە ئەویش ( شیعر ) ە ، بەڵام لەوچوو چەند شتێکە وەکو ( کوردو کوردایەتی ، گەردانەو بەر گەردەن ، گۆنا ئاڵکردن ) ، لێرە دا شاعیر شیعرەکانی خۆی بە هاوتەریبی ئەو چەند (لەوچوو )ە داناوە .
شاعیر لە وێنەیەکی تر بەناوی ( لە فەرهەنگی خەمەوە بۆ دەربەندی پەپولە ) دا دەڵێت :

خۆشم دەوێ وەکو زامم ...
وەکو ئەشکی سوبح و شامم ...
خۆشم دەوێ وەکو شیعرم ،
وەکو مەیم وەکو جامم !
وەکو کەژەو بەهارەکەم

---

([1])هاوژین صلیوە عیسا ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا ، ل ٧٦ .
([2]) جەبار ئەحمەد حسێن ، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی ، ل ٣٦٦ .
([3]) حەسیب قەرەداغی ، دیوانی فەرهەنگی خەم ، ب (٢) ، ل ٣٠.

وەکو فەرهەنگی خەمەکەم ، ئازارەکەم ...

وەکو ئەو ساتە عەزیزەم

کە ئەم نامەت بۆ دەنوسم لەناو ژانا، ( [٦٤] )

شاعیر خۆشەویستی خۆی بۆ ( شێرکۆ بێکەس ) دووپات دەکاتەوە بە نەخشاندنی چەند وێنەیەك ، لەڕێگای ئەم چەند وێنەیەوە دەیەوێ مەبەستە خۆشەویستییەکەی خۆی بە (شێرکۆ بێکەس) ی شاعیر بگەیەنێت ، واتا لێچوو(خۆشەویستی) ە ، بەڵام لەوچوو ( زام ، ئەشکی سوبح و شام ، شیعر ، مەی ، جام ، کەژاڵ ، بەهار ، فەرهەنگی خەم ، ئەو ساتەی کە شیعرەکەی تیا دەنووسێ ) واتا هەر یەك لەم شتانە گرینگ و بایەخی خۆیان هەیە وەك ئەمانە ( شێرکۆ بێکەس ) یش بەرزو خۆشەویستە لای شاعیر .

## وێنە لە ڕووی هەستی و ژیری یەوە :

### (أ) وێنەی هەستی :

پێنج هەستە سەرەکیەکەی مرۆڤ ، ڕۆڵی کاریگەریان هەیە لە دروست بوونی وێنەی شیعری ، واتا زۆربەی وێنە شیعرییەکانی هەر شاعیرێك لە ڕێگای هەر یەك لەم پێنج هەستەوە دروست دەبن ، ئەم پێنج هەستەش ( بینین ، بۆنکردن ، چەشتن ، بیستن و بەرکەوتن ) دەگرێتەوە، کە دەکرێن بە دوو کۆمەڵی تا ڕادەیەك لێك جیا :

یەکەم : (( جێکەوتە : لە ئاکامی بەر کەوتنی ئەندامێکی لەشی مرۆڤ بە شتە ماددیەکان هەستی پێ دەکرێت کە ( چەشتن و بەرکەوتن ) دەگرێتەوە ))( [٦٥] ).

دووەم : (( هەستەکانی( بینین و بۆنکردن و بیستن )دەگرێتەوە لە ڕێگای شەپۆلە دەنگیەکان و بۆنکردنی کەرەستە بۆن دارەکان و تیشکی شتە بینراوەکان دروست دەبێت )) ( [٦٦] ) . گواستنەوەی ئەم هەستانەش بۆ ناو شیعر بە شێوەیەکی (( فۆتۆگۆافی نییە ، بەڵکو شاعیر گۆڕانکاری تێدا ئەنجام دەدات و وێنەی شیعری خۆی لێ دروست دەکات )) ( [٦٧] ) و بە شێوەیەکی هونەری مامەڵەیان لەگەڵ دەکات . وێنەی شیعری لە باری بێ ئاگایی شاعیر لە دایك دەبێت ، یان کاتێ ڕەخنە گرێکی لێهاتوو شیعرەکە دەخوێنێتەوە یان گوێ بیستی دەبێت ، وا هەست دەکات ئەو وێنەیە بە هۆی یەکێك لە هەستەکانەوە وەرگیراوە ، یان وێنە کێشراوە ، بۆیە باشتر لای خوێنەر وەردەگیرێت (( ڕەنگ و ڕووخساری شتەکان لە هەستەکان ڕەنگ دەداتەوە ، جوڵانێك لە مێشك دروست دەکات کار تێکردنی ئەم شتانە جیاوازی دەبێ لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر )) ( [٦٨] ) ئەو کار تێکردنەش

---

([١]) سەرچاوەی پێشوو ، ب ( ١ ) ، ل ٤٢٢ .

([٢]) هاوژین صلیوە عیسا ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا ، ل ١٤١.

([٣]). س. پ ،ل ١٤١.

([٤])د . علي البطل،الصورة في الشعر العربي حتى أخر القرن الاثاني الهجري، دراسة في أصولها و تطورها ،دار الاندلوس ، بيروت ، ١٩٨٠ ، ص٣١.

([٥])د. عزالدين أسماعيل، الشعر العربي ، المعاصر قضاياه و ظواهره الفنية المعنوية ، ط (٥ ) ، دار العودة، بيروت ، ١٩٨٨،ص١٢٩.

هەست و سۆزمان دەورژێنێ و کاریگەریەکەی  لە قالبی وێنەیەکی وەستاو و شکی ئاسایی وەکو دیمەنێکی نێو تابلۆ دەچێتە دەرە وەو زیاتر وەکو کەرەستەیەکی زیندوی جوڵەدار خۆی نمایش دەکات ، شاعیر ئەو دیمەنانەی کە لە سروشت دەیبینێ و ئەو  جوانیەی کە ئەو هەستی پێ دەکات و لە و شتە نەبینراوانە دەیبنێ کە هەموو کەسێك بە هەمان ڕووانین و هەست پێکردن نایبینێ ، جوانێك بە وێنەکان دەدات کە بە بەر چاوی مرۆڤی ئاسای تێنەپەڕیوە ،ئەو بیرەی لە مێشکمان دا هەیە کار دەکاتە سەر وەرگرتنی ئەو هەستەی کە گونجاوە لە گەڵ دەورو بەرمان .

### ١. وێنە بە پێی هەستی بینین :

هەستی بینین یەکێکە لە هەستەکانی مرۆڤ ، دەتوانین لە شیعردا وێنە بە پێی هەستی بینین  هەست پێبکەین ، شاعیر لێرەدا باس لەو وێنانە دەکات ، کە بە ڕواڵەت یان بڵێین   لە دەرەوەن  وەکو  جوانی و ڕێك و پێکی و ڕەنگەکان و جوڵەی شتەکانی دەورو بەری و ...هتد، (( بینین لەسەروی هەموو هەستەکانەوە دێت . لە ڕووی توانای هەست پێ کردنەوە وێنەی هونەریش ڕێژەیەکی زۆری بەر ئەم هەستە دەکەوێت )) ( [٦٩] ) . لە ڕێگەی هەستی بینینەوە  مرۆڤ  زیاتر دەچێتە ناو قوڵایی شتەکان و وێنەکان لە بەر دەمی دروست دەبن  ، ئەندێشەش وەکو بنەمایەکە بۆ خولقاندنی وێنە شیعرییەکە .

شاعیر لە شیعری ( بت ) دا دەڵێت :

لەبەر چاوم گڕێ دیار بوو ...گڕی سور
لە ڕێمابوو وەکو ئاسۆیەکی دور
بە دیم کردو بەرەو ڕووی چووم لە شەودا
دڵی بەردام لە گێژاوی گرەودا
لەبەر ڕووناکی ئەو شوعلە شتم دی
چەمی لێخن ، دەمی بۆگەن ، بتم دی ( [٧٠] )

کۆمەڵێك وێنە لەم شیعرە نیشان دراوە ، کە هەموویان دەکەونە بەر هەستی بینین ، لە گوتەی ( گڕی سور، بینینی شتێك لەبەر ڕووناکی گڕ ، شوعلە ، چەمی لێخن ، دەمی بۆگەن و بت ) .

لە وێنەیەکی تر دا دەڵێت :

پەڵە گەنمی سینەو مەمکی کچێکم دی ،
ئاوەنیا بوو ....
خشت هەڵچوو بوو  ، گوڵێکی لێ نەشکابووەوە
هەر کە واقی وڕمی بینی ،
دوگمەکانی دا بە یەکاو دوور کەوتەوە

---

([١])سەردار ئەحمەد گەردی ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا ( ١٩٧٠ ـ ١٩٩١ ) ، ل٢٠٣ .

([٢]) حەسیب قەرەداغی ، دیوانی فەرهەنگی خەم ، ب( ١) ، ل ٢٣٤.

هەردوو وێنەكە كە ( بینینی قەبارەی مەمكی كچێك ، بینینی شاعیر لەلایەن كچەكەوە ) بەر هەستی بینین كەوتوون ، وێنەی لێكچوواندنیش بەشداری لەم شیعرەدا كردوە كە ( مەمك ) ی بە پەڵە گەنم چووندوە ، واتا ( مەمك ) لەو چووە ، ( پەڵە گەنم ) لێچووە ، ئەوزار بەكار نەهاتووە ، ڕووی لێكچونیش گەورە بوون و هەڵچوونە .

**٢. وێنە بە پێی هەستی بیستن :**

هەموو دەنگە سروشتی و دەستكردەكان دەگرێتەوە كە بەر گوێچكە دەكەون وە لە ڕێگای بیستنەوە دەنگەكان لێك جیا دەكەینەوە ، دەنگە سروشتیەكان وەك : دەنگی ئاژەڵ و باڵندەو تاڤگەو با و ... هتد ، دەنگی دەست كرد وەك دەنگی ئالەتە مۆسیقییەكان و دەنگی ئۆتۆمۆبیلەكان و ... هتد ، (( هەر وێنەیەكی شیعریی لەسەر بنەمای دەنگ یا ئاواز یا مۆسقا بنات نرابێ ، ئەوە لە ڕێگەی هەستی بیستنەوە باشتر وەردەگیرێ و هەست بە خۆشی و جوانی وێنەكە دەكرێ )) ( [٧١] ).

شاعیر لە شیعری ( قەڵبەزەی شیعر) دا دەڵێت :

قەڵبەزەكەی بێتواتەیە شیعر و وشەم
سەرو چاوە دەگرێتەوە
وەكو هەڵۆ دەزریكێنێ و
بەسەر هیزۆپ و دوكاندا
هەر دوو باڵی دەكرێتەوە ( [٧٢] )

وێنەیەكە بە پێی هەستی بیستن دروست بووە لە گوتەی ( دەزریكێنێ ) . لێكچوواندیش لە شیعرەكە دا بەكارهاتەوە ، چونكە (شیعرو وشە)ی بە قەڵبەزەی بێتواتە )و ( زریكاندنی هەڵۆ ) چوواندوە .

لە وێنەیەكی تر لە شیعری ( دەست نیشانێكی تازە ) دا دەڵێت :

بۆیە دەڵێم ئەگەر سۆزی لاوك نەبێ
ئەگەر لۆ لۆو قەتار نەبێ
دەنگ و زەنگی گشت كوچەكان چەقچەقەیە ( [٧٣] )

لەم وێنەیەشدا ( سۆزی لاوك ، لۆ لۆو قەتار ، زەنگ و دەنگ و چەقچەقە ) هەموویان بەر هەستی بیستن دەكەون .

شاعیر لە شیعری ( خۆشترین شەڕاب) دا دەڵێت :

ئەو ڕۆژە نوخشەی لێوت بە من دا
تۆ هێندە جوان بووی ....
سۆزی بولبول و ڕازی شمشاڵ و نەی و كەمان بووی

---

( [١] ) كەریم شارەزا ، وێنەی شیعری لە هۆندراوەی كوردیدا چۆن دروست دەبێ و بە چ هەستێك وەر دەگیرێت ، گ ( ڕامان ) ، ژ( ٩) ،١٩٩٧،ل ٧.

( [٢] ) حەسیب قەرەداغی ، دیوانی فەرهەنگی خەم ، ب ( ٢) ، ل ١٦٦ .

( [٣] ) س . پ ، ب ( ١) ل ١٧٩.

لەم وێنەیەشدا ( سۆزی بولبول ،دەنگی شمشاڵ و نەی و کەمان ) هەر هەموویان بەر هەستی بیستن دەکەون .

۳. وێنە بە پێی هەستی بۆنکردن :

بۆن کردن یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە شاعیر دەچێتە نێو دنیای خەیاڵەوە و کار لە وشە و ڕستە شیعریەکانی دەکات ، لە وێنەی بۆن کردن زۆربەی کات شاعیر پەنا دەباتە بەر سروشت لە بۆنی گوڵ و ڕەیحان ... هتد بۆنی خواردنی خۆش و ناخۆش ، بۆنی ڕزینی لاشەی بەجێما و و شاعیر دەتوانێت جوانترین وێنە شیعریمان بۆ بکێشێت ، دەروون و خەون و خەیاڵەکانی شاعیر دەبنە هەوێنی خوڵقاندنی وێنەی بۆن کردن .

شاعیر لە شیعری ( ڕۆیین ) دا دەڵێت :

لە ژێر کەپری قژی خاوتا کەتۆ دەتدا بەسەر شانتا

بە بۆنی تۆ هەموو ناخم دەبوو بەشوشە بۆ عەترێ

سەرم سوڕمابوو ئەو باخەت

دەبێ کەی دەستی بۆ ببرێ ( [۷٤] )

شاعیر وێنەی ئەو ساتە وەختەی کێشاوە کە کاتێك قژی خاوی یارەکەی پەخشان دەبێت بەسەر شانیا ، ئەوا ئەو بۆنە بڵاو دەبێتەوە و هەست و سۆزی شاعیر داگیر دەکات و ناخی شاعیر دەکات بە شوشە عەترێ . وێنەکە بەر هەستی بۆن کردن دەکەوێت لە گوتەی بۆنی ( زولف و قژی خاو و عەتر ) . هەروەها خوازەش بەکارهاتەوە لە گوتەی (باخ ) کە بۆ مانا ڕاستە قینەکەی خۆی بەکارنەهاتووە ، بەڵکو بۆ مەبەستێکی تر بەکارهاتووە کە ( سینگ و مەمك ) ی یارەکەیەتی .

لەشیعری ( ڕەیحانە) دا دەڵێت :

کچێکی جوان کوندە بە کۆڵ

بەر گەردەنی واز کردبوو

ڕێگەم پێگرد

نوخشەی ماچی لێ بدزم ... خۆی ڕاپسکان

دەمم کەوتە نێو مەمانی

دوو تەڵ ڕەیحانەی ژێر چەنەی

یەکەم شت بوون بۆنیان دامێ و

بەم دزییەی منیان نەزانی ( [۷٥] )

---

( [۱] ) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤۳ .

( [۲] ) س . پ ، ل ۳۱۹ .

شاعیر وێنەی ئەوەمان بۆ دەکێشێ کە ڕێگەی لە کچێك گرتووەو مەبەستی ماچ کردنی بووە ، بەڵام کچەکە خۆی لە دەستی ڕاپسکاندوەو داواکاری شاعیری جێ بە جێ نەکردوە ، لەم کاتەیا چەند تاڵێك لە قژی کچەکە بەر لووتی شاعیر کەوتوە ، وێنەکە بەر هەستی بۆنکردن دەکەوێت ، خوازەش بەکار هاتووە لە وشەی ( ڕەیحانە ) کە بۆ مانایەکی تر بەکار هاتووە ئەویش زولفی کچەکەیە .

## ٤. وێنە بە پێی هەستی چەشتن :

ئەمەش یەکێکە لە هەستەکانی مرۆڤ ، هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ لەڕێی چەشتن و تام کردنەوە هەستیان پێ دەکات وەك ( شیرینی ، تاڵی ، سوێری و ... هتد ) هەروەها تامی جۆرەها خواردن و میوە دەگرێتەوە ، شاعیر دەتوانێ چەندین وێنەی جوان و قەشەنگی لێ بخولقێنێ و شاعیر هەوڵ دەدات وێنەیەك بخاتە بەر دەم خوێنەر ، هەمان ئەو تامەی ئەو چەشتویەتی خۆش بێ یان ناخۆش ، زۆر جار وا دەبێ شاعیر لە وەسفی سروشت لە پاڵ هەستی بینینەوە لە ڕێگای هەستی چەشتنەوە وێنەی ناسك دروست دەکات .

شاعیر لە شیعری ( هۆنەر ئەگری ) دا دەڵێت :

**لە مەیخانەی شەوە ، با ، بێ ، مەیی خەستی هەزار ساڵە**

**لە تالاوا .... وەهام گێژکە ، نەزانم عومری خۆم تاڵە** (٧٦)

وێنەکە بەر هەستی چەشتن کەوتووە لە وشەی ( تاڵ ) ، بە تەنکردنیش ڕۆڵی تیا بینیوە لە دەستەواژەی ( عومری تاڵ ) .

شاعیر لە نموونەیەکی تر دا دەڵێت :

**خەڵکە لێی مەگرن ... هەر چیم پێ دەکا ، بۆ ئەو حەڵاڵە**

**خۆشترین شەڕاب ، ئەو شەڕابەیە**

**کە تفت و تاڵە** (٧٧)

وێنەکە بەر هەستی چەشتن کەوتووە لە وشەی ( تفت و تاڵ ) کە بەر هەستی چەشتن دەکەوێت .

## ٥. وێنە بە پێی هەستی بەرکەوتن :

ئەمەش یەکێکە لە هەستەکانی مرۆڤ بە هۆی لێککەوتنی دوو تەنەوە دەبێت ، جگە لە حالەتی سڕ بوون و مردن ، کە مرۆڤ هەست ناکات شتێك بەر جەستەی کەوتووە . کاتێك مرۆڤ بەر ئەو هەستە دەکەوێت ، هەستەکانی تری لە گەڵی دەجوڵێت ، وێنەی شیعری هەر لە ڕێگای ئەو چوار هەستەی ترەوە وەرناگیرێت ، بەڵکو هەستی بەرکەوتنیش کە دەست لێدان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ تیایدا دروست دەبێت .

حەسیب قەرەداغی لە کوورتە شیعرێك دا دەڵێت :

---

(١)سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٥.

(٢)س . پ ، ب (٢) ، ل ٤٣ .

بن باخەڵت بەو تۆزقاڵە نەرمە مووەی تیا ڕواوە

وەك هێلانەی کەنارییەوە و بە تازەیی چۆڵکراوە ( [78] )

شاعیر وێنەی بن هەنگڵی یارەکەی دەکێشێت دەیچووێنێت بە هێلانەی کەناری لە نەرم و نیانی دا ، وێنەکە بەر هەستی بەرکەوتن دەکەوێت لە وشەی ( نەرمە موو ) .

شاعیر لە شیعری ( گیپە ) دا دەڵێت :

گیەکەم گەرم و خڕو خەپانە

وەکو بەر سینگی کۆتری گوێ بانە ( [79] )

وێنەکە بە هەستی بەر کەوتن دروست بووە ، لە گوتەی ( گەرم ، خڕ و خەپان ) . لێکچوواندنیش بە کار هاتووە ( گیپە ) ی چواندووە بە ( بەر سینگی کۆتر ) .

(ب) وێنەی واتایی( ژیری ) :

ئەم وێنانە دەگرێتەوە کە بەر هیچ کام لە هەستەکانی مرۆڤ ناکەون . وەکو ( جۆن دینس ) دەڵێت:(( دیاردەیەکە لە دیار دەکانی ژیری زۆر دوورە لە ڕەوان بێژی هەستەکانەوە ، زیاتر بابەتی خۆشەویستی لە خۆوە دەگرێ ، هەروەها دوورە لە وەسفی باو ))( [80] ) لە شیعر دا مەرج نیە هەموو وێنەکان بەر یەکێك لە هەستەکانی مرۆڤ بکەون ،بەڵکو زۆر جار شاعیر وێنەیەك دەکێشێت کە هیچ کام لە هەستەکانی تیا بەدی ناکرێت ، کەچی جوانترین وێنەی کێشاوە . واتا مەرج نیە دۆخ هەبێت وێنەکەش بە پێی ئەو دۆخە دروست بێت ، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئاساییە ئەگەر بینرا شاعیر وێنەیەکی لەم جۆرەی کێشاوە .

حەسیب قەرەداغی لە شیعرێکی کورت دا دەڵێت :

بێجگە لە خوا گەر مەوجوودێك بە پەرستن شایەن بوایە

بێگومان بە تا مردنم ، تۆم ئەپەرست ، تۆ ئەی دایە ( [81] )

وێنەیەکی واتایی جوانی کێشاوە کە بەر هیچ کام لە هەستەکان ناکەوێت ، ئەو پەڕی پلەی خۆشەویستی بۆ دایکی دەر بڕیوە .

لە وێنەیەکی تر بەناوی ( گڕێ ) دا دەڵێت :

گڕێیەکم دەستگیر کردوو پەنجەکانم لێ ورووژاند ...

بیکەنەوە

وتی : مەکەن

---

( [1] ) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٢٣ .

( [2] ) س . پ ، ب ( ١ ) ، ل ٢٨٢ .

( [3] ) د.کەمال مەعروف ، ڕەخنەی نوێی کوردی ، ل ١٤٣ .

( [4] ) حەسیب قەرەداغی ، فەرهەنگی خەم ، ب ( ١ ) ، ل ٤٥١ .

## گرێی دڵی شاعیرێکم ([82])

وێنەیەکی واتاییە و بە هیچ هەستێ درکی پێ ناکەی ، لە هەمان کاتیشدا وێنەیەکی بەکەس کراوە ، چونکە ( گرێ ) بێ گیانە کەچی لەم شیعرە دا وەکو مرۆڤێ قسە دەکات .

بەم شێوەیە شاعیر کۆمەڵێ وێنەی جوانی دروست کردوە کە هەموو ی وێنەی واتایین و بەر هیچ کام لە هەستەکان ناکەون .
شاعیر هەموو جۆرە وێنەکانی تاقی کردۆتەوە ، چونکە هەر جۆرە وێنەیەك جوانی و نایەبی خۆی هەیە ، شاعیری سەرکەوتووش ئەو شاعیرەیە دیوانە شیعریەکەی ڕەنگاڵە بکات و بە جۆرەها وێنە شیعر دروست بکات ، چونکە بەو ڕەنگاڵەیی یەو هەمە جۆرییە شیعرەکانی جوان دەبن و تامو چێژێك و خۆشی بە خوێنەر دەبەخشن .

( حەسیب قەرەداغی ) ش دەستێکی باڵای هەبووە لە هۆنینەوەی شیعری جوان و لە ڕووی وێنەوە ئەسپی خۆی تاو داوەو هەنگاوی گورجی ناوەو شیعرەکانی لەو پەڕی نایەبی دان ، لەم بەشە دا هەوڵمان دا گوڵ بژێری چەند کۆپلەیەکی جوان بکەین و ڕەنگ و ڕووی وێنەکان بخەینە ڕوو بە کورتی و بە چڕی لەسەر یان بدوێین .

([1])سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٢٧ .

# بەشی سێیەم

## جۆرەکانی وێنە  بە پێی شێواز :

١.  وێنەی دەروونی :

٢.  وێنەی ئەفسانە:

٣.  وێنەی ڕەمزی :

ئەنجام :

سەرچاوەکان :

## جۆرەکانی وێنە بە پێی شێواز :

١. وێنەی دەروونی :

نوسینی شیعر و خولقاندنی وێنەی شیعری زادەی بەرهەمی دەروونی شاعیرە کە لە حاڵەتێکی نائاسایی لە دایك دەبێت . شیعر پێناسەی ئەو ساتە وەختانەیە کە بەسەر شاعیردا دێت، واتا ڕەنگ دانەوەی بارو دۆخەکانی ژیانی شاعیرە ، چونکە (( لایەنی دەروونی و ساتەکانی نوسین کاریگەری زۆری بەسەر ئەفراندی شیعر هەیە )) ([83])شاعیر هەمیشە ئەو وێنانەمان بۆ دەکێشێت کە لە ژیانی ڕۆژانەی دا زۆر حەز دەکات بۆ چرکە ساتێکیشبێت دەستی پێیان بگات و بە پێی حەزو ئارەزووەکانی مامەڵەیان لەگەڵ بکات ،بەڵام سنورە کێشراوەکانی ئاین و سیاسی و کۆمەڵایەتی ...هتد دەبنە لەمپەر لە بەردەم گەیشتن بە ئاوەتەکانی مرۆڤ(( ڕۆژانە چەندین ئارەزووی لایەنگ دەخواتەوە و بە هۆی سانسۆری هەمە جۆرەکانی خودی و بابەتی کپ دەکرێنەوە )) ([84])لە وەڵامی ئەو کپ کردنەوەیەش شاعیر پەنا بۆ چەکێکی تر دەبات کە شیعرە، ڕاستە کە دەڵێن (( شیعر ئیلهامە لە خواوەندەوە بۆ مرۆڤ دا دەبەزێت ،بەڵام باری دەروونی کاریگەری یەکجار زۆرە بۆ داهێنانی شیعر ))([85])تا لەم ڕێگایەوە بتوانێت ئەسپی حەزەکانی تاو بدات و ئەوەی لە دەرونیایەتی بیکاتە وێنەیەك و لە چوار چێوەی شیعرێك بیخاتە ڕوو ، بێبەش کردن و دابڕانی شاعیر لە خۆزگەکانی کاریگەری دەبێت بۆ سەر بەرهەمە شیعرییەکانی و ئەو وشانەی دەری دەبڕێت تەواو ئاوێتەی حاڵەتە دەرونییەکەیەو بەرگێکی خۆزگەیی پیا هەڵدەکێشێت ، ئەم بێبەش کردنە دەبێتە هۆکارێك بۆ پتەوکردن و بە توانا کردنی خەیاڵ لە خوڵقاندنی وێنەی دەروونی لە شیعردا ،

حەسیب قەرەداغی لە شیعری ( ملوانکەی شاعیر ) دا دەڵێت:

کچە کوردێك شیعرێکی خۆی دەخوێندەوە
تاڵی هۆشمی وەها هەڵکرد
چاوم ئاڵایە پەر چەمی
خۆزگەم بوو بە ئەو مەی دێرەی
هەرچی شەربەتی شیرین بوو
هەڵی دەبری بۆ لای دەمی
هەر وشەیەك لەسەر پەڕەی لێوی ئاڵی دەگریساوە
حەزم کرد بە زمانم هەڵی ڕفێنم بەرەو خۆم

---

([1]) فەرەیدون سامان ، ئێستاتیکای شیعر ، گ ( کاروان ) ، ژ ( ٢٢٧) ،٢٠٠٨ ، ل ٦٩ .

([2]) د. ئەرسەلان بایز ئیسماعیل، سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین( ١٩٩٢ ـ٢٠٠٢) ، چاپخانەی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٣ ، ل ١٧٧ .

([3]) حوسێن غازی کاك ئەمین ، نوێکردنەوەی شیعری کوردی ( ١٩٣٢ ـ ١٩٤٩ )، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، ٢٠٠٨ ، ل ٤١ .

حەزم دەكرد ببمە باران

باری لێوی شیعری بشۆم

حەزم دەكرد وەك چاو چنۆك نوقڵی دەم و چامەو شیعری

هەڵگرمە وەو گشتیان بخۆم

حەزم دەكرد هەتا دنیا ئاخر دەبێ

نە ئەو بڕواو نەمن بڕۆم ( [٨٦] )

شیعرێكی دەروونیەو تەواوی وێنە شیعریەكان پێكهاتەیەكی دەروونی باڵی بەسەر دا كێشاوە ، شاعیر لە كۆڕێكی شیعر خوێندنەوە كچێكی بینیوە شیعر دەخوێنێتەوە ، ئیدی تەواو خەیاڵی شاعیر بۆ لای خۆی پەلكێش دەكات و شاعیر دەیان خۆزگە دەخوازێت بۆ گەیشتن بەو كچە ، بەڵام چەند خۆزگەیەك دەردەبڕێت ، هەموو هەڵسوكەوتێكی كچەكە دەبنە هۆی خرۆشانی هەستی شاعیر . تا ئەو ڕادەیەی شاعیر حەز دەكات ئەو وشانەی دەری دەبڕێت ، ببێت بە جۆرە خواردنێك و بیان خوات، وە لە كۆتایش خۆزگەیەكی وا دەخوازێت كە تا دونیا كۆتای دێت، نە ئەو لە شیعر خوێندنەوەكەی بێتەوە نە شاعیریش چاو لەسەر كچەكە هەڵگرێت . شاعیر بەرەو دەرونی خۆی قوڵ دەبێتەوە و هەست و نەستی خۆی دەر دەبڕێ لە چەند بارە بوونەوەی ڕاناوی ( م ) كە بۆ كەسی یەكەمی تاك دەگرێتەوە كە خودی شاعیرە و هەستە پەنگخوا ردووەكانی دەردەبڕێت.

شاعیر لە شیعرێكی تر بەناوی ( زامی سووتاو ) دا دەڵێت :

ئەمشەو شەوم لێ هاتە یەك

ئاسمان تەپی ، زەوی ڕۆ چوو

هەناسەی سارد لە سینەما هاتە كوڵ و

چكیشی كرد

بۆ زریانی ئەندێشەكان پەنام دەبرد

كەچی شەوم هەر خەست دەبوو

كەچی دڵم هەر پەست دەبوو

هەستام گەڕام بەناو شیعرا

بە كتێبدا

بە نەزەرگەو كوچە ڕێ دا

بە كەنیسەو بە مزگەوتا

---

( [١] )حەسیب قەرەداغی ، فەرهەنگی خەم ، ب( ١) ، ل ٣٧٨ .

**له هیچ کوێیەك ئۆقرەم نەگرت**

**کە تروسکەی مەیخانەم دی ، لە دەرگام دا (٨٧ )**

**وێنەی دەروونی بەشێوەیەکی بەر چاو تەوزیف کراوە ، شاعیر لە حالەتی نوسینی ئەم شیعرە بە ڕونی دیارە باری دەروونی تەواو نەبوە ، بەڕادەیەك هەموو دنیای لێهاتۆتە یەك و تەواو دڵی توند بووە ، بۆ خۆ رزگار کردن لەم بارە نا لەبارە هەوڵی داوا پەنا ببا بۆ خەیاڵ ، چونکە وای زانیوە ئەمە تاکە ڕێگەیە بۆ خۆ دەرباز کردن . کەچی ئەم ڕێگەیەش سودی نەبووە ، دواتر هەوڵی خوێندنەوەی کتێبی داوەو دواتریش کەوتۆتە گەڕان بە شوێن مزگەوت و نزرگا ، بۆ ئەوەی تۆزێك لەم تەنگەژە دەرونیە رزگاری ببێت . لە دوا جار دا مەیخانەیەك دەبینێ و ئیتر بۆ ئەوێ دەچێ . لەم شیعرەشدا ڕاناوی ( م ) ی کەسی یەکەمی تاك ڕۆڵی بەر چاوی بینیوەو بەم هۆیەوە باری دەروونی خۆی ڕوونکردۆتەوە .**

### ٢. وێنەی ئەفسانە :

**ئەفسانە بەرهەمی مرۆڤە ، واتا مرۆڤ خۆی جیهانێك دروست دەکات و پێکهاتەکانی ئەم جیهانەش بە کۆمەڵێك کەرەستەی سەرسوڕهێنەر دەخولقێنێ ، ئەگینا جیهانێکی وا بە سروشتی لە ئارا دا نیەو نەبووە ، مرۆڤ خۆشی هەڵدەستێ بە گیان بەخشینی کەسایەتیەکانی ناو ئەم جیهانە . لە ڕاستیدا وشەی ((ئەفسانە لە زۆربەی زمانەکانی ئەوروپی و نا ئەوروپی ئیشکالیەتی ئاڵۆزی دروست کردووە ، ماناکەی نەك تەنها گۆڕاوە ، بەڵکو پێچەوانە بۆتەوە ، ئێستا بە واتای قسەی دروست کراو هەڵبەستراو دێت کەچی لە کۆندا بە واتای ڕووداوی واقیعی و ڕاستە قینە )) (٨٨ ) ئاماژەی بۆ کراوە ، کات و کەس وشوێنی ناو ئەفسانە هەندێ جار مێشکی بنیا دەم خەریك دەکەن بە لێکدانەوەی ئاڵۆز کە مایەی تێڕامانە ، وەك تەمەن درێژی و شوێنی بەرزی خەیاڵی و مرۆڤی شەمولە ( کورتە باڵا ) و بونەوەری تری عەجایب و دێوی زەبەلاح و خواوەندو هەندێ جاریش مرۆڤی ئاسایی . شاعیر بۆ بەر جەستە کردنی مەبەستێك هەڵدەستێ بە بەکار هێنانی ڕووداوی ئەفسانەیی لە شیعرەکانی دا، ئەمەش بە پێی ئەوەی کە (( شیعر بەشێکی گرینگی ئەدەبەو ئەدەبیش لقێکی گەش و گوڵی هونەرەو ئەمەیش پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ ئەفسانە ... دا هەیە )) ( ٨٩ ) و لە ڕێگای ئەفسانەوە بیرە خودییە ڕاستەقینەکەی بە دەورو بەر دەگەیەنێت و هەندێ جاریش شاعیر لەو چوارچێوەیەی کە نەخشەی بۆ کێشاوە خۆی دەکات بە یەکێك لە ئەندامانی ناو جیهانی ئەفسانەییەکەو هەر ڕووداوێك ڕوو بدات بە خۆشی یا بە ناخۆشی مردن یا ژیان ئەوا شاعیریش دەگرێتەوە ، کەواتە (( ئەفسانە هەموو ئەو دیاردەو شتانە دەگرێتەوە کە نا واقیعین و بۆچوون و خۆزگەو**

---

(١ )سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٠٠.

(٢) محمەد سلێمان عەباس ، هێزو سیحری ئەفسانە ، گ ( ڕامان ) ، ژ ( ١١٧) ،٢٠٠٧، ل١٥٣.

(٣) کەریم شارەزا ، ئەفسانە لە شیعری هاوچەرخی کوردی دا، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر ،٢٠٠٥، ل١٣.

دەربڕی ناخی مرۆڤن كە ئەقل بە هیچ شێوەیەك تەقەبوڵیان ناكات )) ( ٩٠ ) . شاعیر دەتوانێت لە ڕێگای تەوزیف كردنی ئەفسانە لە شیعرەكانی دا تابلۆیەكی جوانمان بۆ بنەخشێنێت بە جیهانێكی نا واقیعیمان ئاشنا بكات كە لێوان لێو بێت لە ڕووداوی سەیرو سەمەرەو هەر بەم هۆیەوەش دەردی ڕۆژگاری خۆی لە چوارچێوەی شیعرێك بخاتە ڕوو .

حەسیب قەرەداغی لە شیعرێك بە ناوی (شەكرو زار )دا دەڵێت :

گەر دێوە سپی لە كووپەوە بێتە دەرێ ...

بڵێت : گەورەم ئەوە منی خزمەتكارت

لە ساماندا ئەوەی هەیەو ئەوەش كە دێتە سەر زارت

زێڕو یاقووت ، پیرۆزەی شین ...

شەم و خەج و خەزاڵ و زین (٩١ )

وێنەیەكی ئەفسانەییە ، هاتنە دەرەوەی دێو لە كوپەو داواكردن لە شاعیر كە هەر چییەكی دەوێ بە چاو توروكانێ بۆی دێنێت . شیعرەكە بەرگێكی ئەفسانەیی بەسەر دا كێشراوا. لە هەمان كاتیشدا وێنەیەكی بەكەس كردنە ، چونكە ( دێو ) قسە دەكات، قسەش تەنها ئەرك وسیفەتی مرۆڤە .

هەروەها لە شیعرێكی تر بە ناوی (.........) دا دەڵێت :

( سیزیف) ناگاتە سەر شاخ تاشە بەردێكە باری

من چۆن بێمەوە سەرخۆم بەفرم بەسەر دا باری (٩٢ )

لەم وێنەیەشدا ئەفسانەی ( سیزیف ) ی بەكارهێناوە و بەرگێكی ئەفسانەیی بە باڵای شیعرەكەدا كێشاوە ،ئەفسانەی ( سیزیف ) باس لە كەسێك دەكات كە لەلایەن خواوەندوە سزا دراوە ،سزایەكەش ئەوەیە كە بەردێك هەڵبگرێت و سەری بخاتە سەر لوتكەی شاخێك ، بەڵام لە ئەنجامدا هەموو جارێ بەردەبێتەوە خوارەوەی شاخەكە .

هەروەها لە شیعرێكی تر بەناوی (شەوێكی تر )دا دەڵێت :

كە تۆ پرسیت ـ ئیمتیحان بوو ـ ناوی گوڵان چەند دەزانی ؟

منیش ووتم :باوەڕ كە تەناها ناوی تۆ دەزانم

وەكو (سیزیف ) هەر بەتەنها تاشە بەردی ئەم خولیایە

سەردەخەم و دەینێمە سەر نەڕەی شانم(٩٣ )

وێنەیەكی ئەفسانەییە ، شاعیر وەكو( سیزیف) باری قورسی خولیاو ئاواتەكانی دەخاتە سەر شانی بەهیوای گەیشتن بە یارەكەی ، بەڵام لە كۆتایی وەك (سیزیف ) بێ ئامانج دەبێ .

---

(٤ ) هاوژین صلیوە عیسا ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێركۆ بێكەس دا ،ل٢٥٣.

(٢) حەسیب قەرەداغی ، دیوانی فەرهەنگی خەم،ب(٢) ،ل٥٠.

(٣) س . پ ، ب ( ١)، ل ١٣٩.

(٤) س . پ ، ل ٣٩٤.

### ٣. وێنەی ڕەمزی :

لەو ڕۆژەوەی مرۆڤ هەبووە ڕەمزیش بوونی هەبووە ، مرۆڤ سەرەتا پێش ئەوەی ناوی کەرەستەکانی دەوروبەری خۆی بزانێت و ناوێکیان بۆ بدۆزێتەوە ، بە شێوەی هێما ( ئاماژە ) دەورو بەری ئاگەدار کردۆتەوە ، ڕەمزیش بەپێی گۆڕانی کۆمەڵگاو ژیانی مرۆڤ قۆناغ بە قۆناغ گۆڕانی بەسەر داهاتووە ، لە سەرەتادا هەر هێمایەك ئاماژە بووە بۆ یەك شت ، بەڵام بە تێپەڕ بوونی کات هێماکان لەو بازنە تەسکە دەرچوون و بواری بەکارهێنانەکەیان فراوانتر بوو (( تا ئەو ڕادەیەی کە مەودای بەکار هێنانەکە هەموو لایەنەکانی ژیانی گرتەوەو لە سیماو خەسڵەتی تایبەتی دا دەرچوون و خەسڵەت و جیاکارییەکی گشتیان وەرگرت)) ( [٩٤] ) .بەکارهێنانی ڕەمزیش لەناو ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی دەرئەنجامی ئەو بارو دۆخەیە ، کە ڕێگەی بە شاعیران گرتووە بە ڕوونی ئامانجەکەیان بپێکن و بەڕوونی ڕووداوە دزێوە ناشیرنەکانی کۆمەڵگایان بخەنە ڕوو (( ڕەمز دیاردەیەکی تازە نییە لە ئەدەبدا ، بەڵکو لە ئەدەبە کۆنەکانیش بەر چاو دەکەوێت )) ( [٩٥] )، بەڵام بەو شێوەیە نەبووە کە ئێستا درکی پێ دەکرێت لە ناو بەرهەمی شاعیرانی نوێ و هاوچەرخ ، شیعری (( ڕەمز ئامێز لە سادەترین پێناسەی دا شێکمان بیردەخاتەوە کە ئامادەگی لە ئێستا دا نییە و شیتێك لەبری ئەو دادەنێین کە ئەویش ئاماژەیە ))( [٩٦] )و شاعیران بە ئاسۆو تێڕوانینێکی قوڵ و فراوانەوە دەڕوانە شتەکان و دیاردەکانی دەورو پشتیان و وێنەی ڕەمزیش جۆرێکە لە جۆرەکانی وێنەی هونەری لە ناو شیعر کە پەنایەکە بۆ شاعیران ، ڕەمز بریتیە لە ((بەکاهێنانی وشەیەك یا دەستە واژەیەك یا ڕستەیەك کە لە دوو توێی دا مەبەستێك خۆی حەشار دابێت ، جگە لە واتا ڕووکەشەکەی خۆی ))( [٩٧] )ئەم وشانەش کە دەکرێن بە هێما بۆ شتێك بە پێی ئاستی ڕۆشنبیری خوێنەر واتاکانیان دەگۆڕێت . پێوسیت ناکات خوێنەر یا لێکۆڵەر لە فەرهەنگ یا لە کتێبخانەکان دا بگەڕێت ، بەدوای مانای ڕەمزەکان ، چونکە زۆربەی ڕەمزەکان لەناو کەلەپوری خۆمان دا هەن یا لە زەینی میللەتەوە نزیکن .

حەسیب قەرەداغی لەشیعری ( جەردەو گەڕەك ) دا دەڵێت :

دوێ شەو کە ڕووم کردە گەڕەك

لێویان وشك و هەڵوەری بوو

تومەز نەکوو هەر جەردەیەك

ڕەوە گورگێ دابەزی بوو ( [٩٨] )

وێنەیەکی ڕەمزییە لە گوتەی (ڕەووەگورگ) ڕەمزە بۆ سەربازانی بەعسی دیکتاتۆرو (لێویان وشك وهەڵوەری بوو) ڕەمزە بۆ ترس و نەخۆشی کە بە ڕوخساری خەڵکەوەی بینیوە .

---

( [١] ) ئەکرەم قەرەداغی ، سیمبۆلیزم لە ئەدەب و هونەردا ، گ (ئایندە)،ژ(٧٠)، ٢٠٠٧، ل٧٣.

( [٢] ) سەردار ئەحەمد گەردی ،بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا ،ل ٢٥٦.

( [٣] ) عبدولموتەلیب عەبدوللا، زمانی ڕەمز ئامێزو زمانی هەڵچوون ئامێز ، گ(ڕامان) ،ژ(١٢٠) ،٢٠٠٧،ل٢٠٠.

( [٤] ) حوسێن غازی کاك ئەمین ، نوێکردنەوەی شیعری کوردی ، ل٢٦٠.

( [٥] ) حەسیب قەرەداغی ، دیوانی فەرهەنگی خەم ،ب (١) ، ل٣٣١.

شاعیر لە شیعرێکی تر بەناوی ( حەوت وێنە ) دا دەڵێت :

١. شەڕی ناوخۆ

دوو گەلە گورگی زۆر برسی ... ئەم لەملاوە و ئەو لەو لاوە

بەرەو تارمایی ئاسکێکی پێکراو دەڕۆن

کە ، کەڵبەیان کەوتە کێڕە

بێگومانە یەکتر دەخۆن ([99])

وێنەیەکی ڕەمزییە ، لە گوتەی ( دوو گەلە گورگ ) ڕەمزە بۆ هەردوو هێزە باڵا دەستەکەی کوردوستان ( یەکێتی و پارتی ) ، ( ئاسک ) ڕەمزە بۆ میللەتی کوردی کوردستانی باشوری بێ دەسەڵات ، یاخود ڕەمزە بۆ ئاشتی و ئازادی ، لەم شیعرەدا شاعیر وێنەی تراژیدیای شەڕی ناو خۆمان بۆ دەکێشێت .

شاعیر لە وێنەیەکی تر بەناوی ( کۆڵ بە کۆڵین) دا دەڵێت :

کۆڵ بە کۆڵین ... سەفەر نامە باسی دارێکمان بۆ دەکات

قاتی ساڵێ کوللە لێیدا ....ئاگر لێیدا

ئاسمان لێوی لێ هەڵقرچاند

لەسەر باڵای هەڵ ئەپەڕی

تەوری دەستی کاڵ و کرچان !

لە دوا دێڕا ، وا نووسرا بوو : دار بە ڕوو بوو ..

زرێی پیری لە خۆی دا بوو ([100])

شاعیر بە شێوەی چیرۆك ئامێز باسی (دارێك) دەكات ، كە كۆمەڵێك ناخۆشی و شەڕو بەڵای توش بووە ، كەچی بەرگەی هەموو نەهامەتیەكانی گرتووە و لە ناو نەچووە . وێنەیەكی ڕەمزییە لە وشەی (دار بەڕوو) كە ڕەمزە بۆ نەتەوی كوردو هەریەك لە وشەكانی ( كوللە وئاگرو تەور) ڕەمزن بۆ هێزە یەك لە دوای یەكە داگیر كەرەكان ، وێنەیەكی بەكەس كراویشە لە گوتەی (ئاسمان لێوی لێ هەڵقرچاند) ئاسمان وەك مرۆۀ مامەڵەی لەگەڵ دا كراوە لێوی بۆ زیاد كراوە .

لێرە دا شاعیر شارەزایانە هاتووە هەریەك لە شێوازەكانی ( دەروونی ،ئەفسانەیی و ڕەمز) ی كردووە بە گۆشە نیگایەك و لە هەریەك لەم دەلاقانەوە توانیویەتی هەستە پەنگ خواردووەكەی خۆی بە كۆمەڵانی خەڵك بڵێت و باری دەرونی خۆی و ئازارەكانی میللەتەكەی بە شێوەیەكی جوان وڕوون تەوزیف بكات و نەخشەی ژیانی خۆی و ڕۆژگاری گەلەكەی بخاتە بەردەم ڕای گشتی .بەهەر یەك لەم شێوازانە كۆمەڵێك وێنەی هەمەڕەنگ و جوانی كێشاوە كە. توانیویەتی شیعرەكانی بكات بە چەپكە گوڵێك لە هەموو جۆرە بۆن و ڕەنگ و قەبارەیەك ، كە هەریەكە ئامارە بن بە شتێك .

---

([1]) سەرچاوەی پێشوو ، ب ( ٢) ،ل ٣٥٥.

([2]) س . پ ، ب ( ١ ) ، ل ٤٩ .

## ئــه نــجــام :

ئەو ڕاستی و تێبینیە هونەری و زانستیانەی لەم لێکۆڵینەوەیە پێیگەیشتوم ئەمانەن :

١. وێنەی هونەری لە شیعردا لە کۆنەوە هەبووە ، بەڵام وەکو شیعری نوێ گرینگی پێنەدراوە ، ئەگەر چی وێنەی هونەری بە ڕوحی شیعر دانراوە ،بەڵام پارچەو دەستەواژەی شیعریش هەیە ، وێنەی هونەری تیانیە .

٢. وێنەی هونەری لە شیعردا وێنەیەکی بە وشە کێشراوە ، سەرەڕای ئەوەش زیندوێتی و جوڵەشی تێدایە.

٣. زمان کۆڵەگەی سەرەکی شیعرە ، کە هەموو پارچە پێکهنەرەکانی تری هەڵگرتووە وەك ( بیر ، ئەندێشە ، سۆز و .....هتد ).

٤. وێنەی هونەری چەند جۆرێکی هەیە لەوانە (وێنەی تاك) :بریتییە لە وێنەی شتێك ، لە کات و شوێنێکی دیاری کراو گیراوە و چەند جۆرێکی هەیە ، کە هەر یەکەیانن فەزایەکی فراوانتر بۆ شاعیر دەرەخسێنێ بۆ گەیاندنی پەیامەکەی .(وێنەی لێکدراو)یش وێنەی شتێکە بۆ خۆی لە چەند وێنەیەکی تاك پێك دێت و هەر یەکەیان یەکەیەکی ئۆرگانی وێنە لێکدراوەکە پێکدێنن ئەویش چەند جۆرێکی هەیە .

٥. وێنەی ڕەمزی بەتایبەتمەندیەك لە وێنەکانی دی جیا دەبێتەوە ،کە وێنەکانی ئاڵۆز و تەم و مژاوین و بۆ زانینیان خوێنەر پێویستی بە ڕۆشنبیریەکی ڕەها هەیە بۆ گەیشتن بە ڕاستی وێنەکە .

٦. وێنەی دەروونی یەکێکە لەو ڕێگایانەی شاعیر دەیگرێتە بەر بۆ ئەوەی هەستە پەنگ خواردوەکە ناخی خۆی پێ دەرببڕێت .

٧. حەسیب قەرەداغی کۆمەڵێك وێنەی جوان و بەرزی هەیە و هیچ جۆرە وێنەیەکی شیعری نەبوە و کە تەنها لە ڕوویەکەوە پۆلین کرابێ ،وێنە هونەریەکانیش ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن کە ( حەسیب قەرەداغی ) ئاسۆی بیر کردنەوەی فراوان و ڕووناکە .

# سەرچاوەکان

## سەرچاوە کوردیەکان

### یەکەم : کتێبەکان :


١. ئەرسەلان بایز ئیسماعیل (د . ) ، سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین (١٩٩٢ ــ ٢٠٠٢)، چاپخانەی دام و دەزگای سەردەم ، سلێمانی ،٢٠٠٣.

٢. جبار ئەحمەد حسێن ،ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق ( ١٩٥٠-١٩٧٠ )،چاپخانەی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٨.

٣. حەسیب قەرەداغی ، دیوانی فەرهەنگی خەم،ب (١) ، چ(١) ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ،٢٠٠٢ .

٤. حەسیب قەرەداغی ، دیوانی فەرهەنگی خەم،ب (٢) ، چ(١) ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ،٢٠٠٢ .

٥. حوسێن غازی کاك ئەمین ، نوێکردنەوەی شیعری کوردی (١٩٣٢ ـ ١٩٤٩) ، چ (١) چاپخانەی ڕۆژهەلات ،هەولێر ،٢٠٠٨.

٦. حوسێن محمد عەزیز ، یاقوت و زمروتی کوردی ، ب ( ١ ) ،چ (١) ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، سلێمانی ، ٢٠٠٣ .

٧. دلشاد علب ، دیلا ن و تاقی کردنەوەی شیعری ، چاپخانەی سەر دەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ .

٨. سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا ( ١٩٧٠ ـ ١٩٩١ ) ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٢ .

٩. عبدولقادر محەمەد ئەمین ، وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسیی کوردیدا ، دەزگای چاپ و پەخشی سەر دەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٢.

١٠. عەبدوڵڵا خدر مەولوود (د . )، لێکۆڵینەوەیەك لە شیعری حەمدی ، چاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر ، ٢٠٠٤.

١١. د . علی تاهر بەرزنجی ( د . )، کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا ، چاپخانەی چوار چرا ، سلێمانی، ٢٠٠٨ .

١٢. کەریم شارەزا ، ئەفسانە لە شیعری هاوچەرخی کوردی دا، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر ،٢٠٠٥ .

١٣. کەمال مەعروف ( د . ) ، ڕەخنەی نوێی کوردی ، بەڕێوەبەرایەتی بلاو کردنەوەی سلێمانی ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ .

١٤. کەمال میراو دەلی ، هەردی و ڕۆمانسیزمی خود، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی ، کەرکوك ، ٢٠٠٧ .

١٥. محمد بکر ( د . )، پەخشانە شیعری کوردی ، دەزگای چاپ و بلاو کردنەوەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٤ .

١٦. هۆڕاس ، و . حەمید عزیز ، هونەری شیعر ، چ (٢) ، چاپخانەی چوار چرا ، سلێمانی ، ٢٠٠٥ .


### دووەم : گۆڤارەکان :


١٧. ئەکرەم قەرەداغی ، سیمبۆلیزم لە ئەدەب و هونەردا ، گ (ئایندە)،ژ(٧٠)، ٢٠٠٧ .

١٨. باوکی میرۆژ ( ئا )، تەوەرێك بۆ ئەو دیوو ڕەهەندەکانی وشە ، گ ( کۆسار ) ، ژ ( ٣ ، ٢ ) ، ٢٠٠٢.

١٩. عبدولموتەلیب عەبدوڵلا، زمانی ڕەمز ئامێزو زمانی هەڵچوون ئامێز ، گ(ڕامان) ،ژ(١٢٠) ،٢٠٠٧ .

٢٠. عادل گەرمیانی ( د . ) ، ئەرك و خەسڵەتەکانی زمانی شیعر ، گ ( کاروان ) ، ژ ( ٢٣١ ) ، ٢٠٠٨.

٢١. فەرەیدون سامان ، ئیستاتیکای شیعر ، گ ( کاروان ) ، ژ (٢٢٧ ) ، ٢٠٠٨ .

٢٢. کەریم شارەزا ، وێنەی شیعری کوردی لە هەردوو باری چەسپاو و جوڵاودا ، گ ( ڕامان )، ژ ( ١٥ ) ، ١٩٩٧ .

٢٣. کەریم شارەزا ، وێنەی شیعری لە هۆندراوەی کوردیدا چۆن دروست دەبێ و بە چ هەستێك وەر دەگیرێت ، گ ( ڕامان ) ، ژ( ٩) ،١٩٩٧.

٢٤. کاکەی فەلاح ، وێنەی شیعری چی یە ؟ ، گ ( کاروان ) ، ژ ( ٤٩ ) ، ١٩٨٦.

٢٥. محسين ئاواره ، ڕەنگدانەوەی ـ وێنه ـ له شيعری نوێ ی كوردی دا ، گ ( ڕۆشەنبيری نوێ ) ، ژ ( ٧٥ ) ، ١٩٧٩.

٢٦. محمەد سليمان عەباس ، هێزو سيحری ئەفسانه ، گ ( ڕامان ) ، ژ ( ١١٧) ،٢٠٠٧.

٢٧. نيگار نادر ، زمان فرۆشی ، گ ( ڕامان ) ، ژ ( ١٢٠ ) ، ٢٠٠٧.

٢٨. هيمداد حوسێن ( د . ) ، زمان و دەقی ئەدەبی ، گ ( ڕامان ) ، ژ ( ١٣١) ، ٢٠٠٨ .

## سێ يەم :نامه زانكۆييەكان :

٢٩. شنۆ محمد مەحمود ، ڕۆڵی سوارەی ئيلخانی زاده له نوێگەری شيعری كورديدا ، نامەی ماجستێر ، زانكۆی كۆيه ، ٢٠٠٦ .

٣٠. عباس صالح عبدوللا ، ژيان و بەرهەمی سەفوەت ، نامەی ماجستێر ، كۆليجی زمان ، زانكۆی سلێمانی ، ٢٠٠١ .

٣١. عادل مەجيد گەرميانی ، وێنەی بابەتی له هۆنراوەی گۆران و سەيابدا ، نامەی دكتۆرا ، كۆليجی پەروەردە ـــ ئيبن ڕوشد ، زانكۆی بەغداد ، ٢٠٠٠ .

٣٢. هاوژين صليوه عيسا ، بنياتی وێنەی هونەری له شيعری شێركۆ بێ كەس دا ، نامەی ماجستێر ، كۆلێژی زمان ،زانكۆی كۆيه ، ٢٠٠٨ .

## چوارەم : وانەی ڕۆژانه:

٣٣. عوسمان دەشتی ( د . )، وانه بێژی ، زانكۆی كۆيه ، كۆلێژی زمان ، ١٩ / ١١ / ٢٠٠٧ ، كاتژمێر ٣٠ : ٩ ، هۆڵی ژ ( ٩ ) .

## سەر چاوه عەرەبييەكان :

٣٤. توفيق الفيل ( د . ) ، القيم الفنية االمستحدثة في الشيعر العباسي من بشار الى أبن المعتز ، دار السلاسل ، كويت ، ١٩٨٤ .

٣٥. جابر أحمد عصفور ، الصورة الفنية في تراث نقدي و البلاغي ، جامعة القاهرة ، القاهرة ، ١٩٧٤ .

٣٦. صلاح فضل ، نظرية البناية في النقد الادبي ، ط ( ٣ ) ، بغداد ، ١٩٨٧.

٣٧. عزالدين أسماعيل ( د .) ، الشعر العربي ، المعاصر قضاياه و ظواهره الفنية المعنوية ، ط (٥ ) ، دار العودة، بيروت ، ١٩٨٨.

٣٨. علي البطل( د .)،الصورة في الشعر العربى حتى أخر القرن الاثاني الهجري،دراسة في أصولها و تطورها،دار الاندلوس ، بيروت ، ١٩٨٠.

٣٩. محسين أطيمش (د .)، ديرا لملاك،دراسة نقدية الظواهر الفنية في الشعير العراقى المعاصر،دار الشؤن الثقافة العامة ، بغداد ، ١٩٨٦.